*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.1, 2024, Pages (149-173)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.1.7**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Dysphonia as a Speech Disorder

**Assist. Prof. Dr. Darun Abdulrahman Salih***
**Sulaymaniyah University**
**darun.salih@univsul.edu.iq**

**Received:** 12 /11 / 2023, **Accepted:** 3 / 12 /2023, **Online Published: 31/ 1/ 2024**

## Abstract

Oral communication is one of the most important forms of communication. It is through which the speaker directly delivers the content of the verbal message to the addressee. Usually, the existence of any defect or disorder in the speaker's vocal cords may result in not delivering the message properly. One of the problems that cause such improper delivery of a verbal message is voice disorders, especially voice hoarseness (Dysphonia). Thus, this paper is entitled (**Dysphonia as a Speech Disorder**), which refers to the changes occurring in the speaker's voice that are marked as disorders compared to the normal patterns. Such disorder occurs due to a defect in the elements needed for the process of voice production in a healthy person. This disorder is not confined to a specific age group. It can occur at any age, from childhood onwards, and it may be a temporary or chronic disorder.

Speech disorders and their treatment methods are often approached in the domain of applied linguistics, and dysphonia is one of those voice disorders that have not received ample attention from researchers in general, and speech pathologists in particular, despite the steady increase in the number of cases day after day due to several factors including

* **Corresponding Author** : Assist. Prof. Dr. Darun, **Email:** darun.salih@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Sulaymaniyah University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

the noise pollution and crowdedness in cities, and some everyday duties that cause injury, which then can be an effective factor for this disorder to occur.
Hence, this study is determined to introduce the most important modern trends in rehabilitating voice disorders and presenting methods for curing them.
**Keywords:** voice hoarseness (dysphonia), speech disorders, vocal cords, neurolinguistics.

## البحـــــة كإحدى اضطرابات النطق

**ا.م.د. دەرون عبدالرحمن صالح**

**جامعة السليمانية**

**الـمستـخلـص**

يعد التواصل الشفهي من اهم انواع الاتصال، إذ يقوم المتكلم من خلاله مباشرة بايصال محتوى رسالته الصوتية إلى المتلقي، وإن وجود أي خلل في الاوتار الصوتية للمتكلم قد يؤدي إلى عدم نقل الرسالة بالشكل المطلوب. إن احدى المشكلات التي تعيق ايصال الرسالة الشفوية هي وجود إضطراب في النطق، خصوصا بحة الصوت. من هنا جاء وسم هذه الدراسة بـ (البـحـة كإحدى إضطرابات النطق) والتي يقصد بها التغييرات الحاصلة في صوت المتكلم والخارجة عن نمطه المألوف، إذ تحدث بسبب وجود خلل في المقومات اللازمة لإنتاج الصوت على خلاف الشخص السليم، وهذا الخلل غير مرهون بفئة عمرية محددة فمن الممكن أن يحدث في أي مرحلة عمرية منذ الطفولة وما بعدها، وقد يكون خللا مؤقتا او مزمنا.

إن امراض النطق وطرق علاجها تعد إحدى فروع علم اللغة التطبيقي، و بحة الصوت واحدة من تلك الامراض الكلامية الصوتية التي لم تلق اهتماما واسعا وجديرا من قبل الباحثين عامة، واخصائي النطق والكلام خاصة، بالرغم من التزايد المطرد في عدد الحالات يوما بعد يوم بسبب عوامل عدة منها: الضوضاء والزحام المتزايد في المدن، وبعض الوظائف الحياتية التي تبعث على الاصابة وتكون عاملا فاعلا في حدوثها، من هنا ارتأينا للتعريف بأهم الاتجاهات الحديثة لتأهيل اضطرابات الصوت وتقديم طرق علاجها.

**الكلمات الدالة:** بحة الصوت، امراض النطق، الاوتار الصوتية، علم اللغة العصبي.

# دەنگنوسان وەك يەكێك لەنەخۆشيەكانی گوتن

پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح
**زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی كوردی**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (دەنگنوسان وەك يەكێك لەنەخۆشيەكانی گوتن)ە، لێرەدا پەنابراوەتەبەر ڕێبازی (پەسنی)، لەگەڵ خستنەڕووی سەرەكیترین و باوترین ڕاهێنانە دەنگییەكان بەمەبەستی چارەسەركردنی نەخۆشییەكە. چوارچێوەو بواری توێژینەوەكە خۆی لەنەخۆشيەكانی گوتن و چارەسەركردنیاندا دەبینێتەوە، كە بەلقێك لەلقەكانی زانستی زمانی دەماریی دادەنرێت، نەخۆشی دەنگنوسانیش بەیەكێك لەنەخۆشيەكانی گوتن و تێكچوونی دەنگ دادەنرێت. تێكچوونی دەنگیش يەكێكە لەو لقە زانستانەی تائێستا وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە، سەرباری زیادبوونی ئەم كێشەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهۆكاری قەرەباڵغی و ژاوەژاوی دەوروبەر ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە زۆربوونی نەخۆشیی و كەمی هۆشیاریی، هۆكاری سەرەكین بۆ زیادبوونی تێكچوونی دەنگ.

يەكێك لەو كەموكوڕییانەی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندیكردندا بریتیە لەنەخۆشيەكانی گوتن، كە نەخۆشی دەنگنوسان دەشێت لەهەر تەمەنێكدا ڕووبدات، ڕەنگە تێكچوونێكی كاتیی يان درێژخایەن بێت، لێرەدا ئاخێوەر ناتوانێت بەشێوەیەكی دروست پەیوەندی زارەكی لەگەڵ چواردەورەكەیدا ئەنجامبدات. ئەم توێژینەوەیە جگە لەپێشەكی و ئەنجام، خۆی لەچەند تەوەرێكدا دەبینێتەوە: چەمك و پێناسەی زانستی زمانی دەماریی، نەخۆشيەكانی گوتن، بەهاو گرنگی دەنگ، بەرهەمهێنانی ئاخاوتن، نەخۆشیی دەنگنوسان، جۆرو هۆكارەكانی نەخۆشیی دەنگنوسان، دەستنیشانكردنی نەخۆشیی دەنگنوسان، چارەسەری نەخۆشیی دەنگنوسان، بنیادنانەوەی تێكچوونی دەنگ و پراكتیزەكردنی چارەسەری چەند نمونەیەكی نەخۆشیی دەنگنوسان.

**كلیلەوشە**: نەخۆشیی دەنگنوسان، نەخۆشيەكانی گوتن، دەنگەژێیەكان، زانستی زمانی دەماریی

**پێشەكی:**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتیە لە: (دەنگنوسان وەك يەكێك لەنەخۆشيەكانی گوتن)، ڕێبازی توێژینەوەكە (پەسنی)یە، بەپشت بەستن بەباوترین و گرنگترین ڕاهێنانە دەنگییەكان بەمەبەستی چارەسەركردنی نەخۆشەكان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە تیشكخراوەتە سەر نەخۆشيەكی دەنگیی، كە ڕێژەكەی ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندایە، بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی كە پیشەكەیان پەیوەستە بەبەكارهێنانی دەنگیانەوە. لەگەڵ خستنەڕووی نوێترین و باوترین ڕاهێنانی دەنگیی بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكە، واتە دەتوانین بڵێین لەهەمانكاتدا خۆپاراستن و چارەسەركردنیش خراوەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە جگە لەپێشەكی و ئەنجام، خۆی لەچەند تەوەرێكدا دەبینێتەوە: چەمك و پێناسەی زانستی زمانی دەماریی، نەخۆشيەكانی گوتن، بەهاو گرنگی دەنگ، بەرهەمهێنانی ئاخاوتن، نەخۆشیی دەنگنوسان، جۆرو هۆكارەكانی نەخۆشیی دەنگنوسان، دەستنیشانكردنی

نەخۆشــیی دەنگنوســان، چارەســەری نەخۆشــیی دەنگنوســان، بنیادنانەوەی تێکچوونی دەنگ و پراکتیزەکردنی چارەسەری چەند نمونەیەکی نەخۆشیی دەنگنوسان.

**تەوەری یەکەم/ چەمك و پێناسەی زانستی زمانی دەماریی:**

زانســتی زمانی کارەکیی(Applied Linguistics) زانســتێکی فرە ڕەهەندەو ڕەگی لەهەموو زانســتەکانی تردا داکوتاوەو پردێکە زانستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو بەسـتنەوەی زانسـتی زمـانی دەرونیی و کۆمەڵایەتی و دەمـارزانی و پەروەردەیی... یـان بەخـاڵی بەیەکگەیشـــتنی ئەم زانستانە وەسفدەکرێت و کاردەکات بۆ دەستنیشـانکردنی کێشـەکان و پاشـان دۆزینەوەی چارەسـەر بۆیان. زانسـتی زمانی دەماریی (Neurolinguistics) بەئەڵقێك لەئەڵقە گرنگەکانی زانسـتی زمانی کارەکیی دادەنرێت، کە بەزانســتی زمانی کۆئەندامی هەســتەدەمارو نەخۆشــیەکان دەوترێت، کە لێکۆڵینەوە لەسـەر پێکهاتەکانی هەستەدەمار دەکات و بناغەیەکە بۆ کارکردن لەسـەر گەشـەی زمان و بەکارهێنانی و فێربوونی و پاشان چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی زمان. (حەمەد، 2015: 16) هەروەها ئەم زانستە لەمیکانیزمەکانی هەستەدەمار لەمێشکدا دەکۆڵێتەوە، کە کۆنترۆڵی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان و وەرگرتنی دەکات و شـێوازو تیۆرەکانیشـی لەبوارەکانی: زانسـتی دەمارو زانسـتی زمـان و تێکچوونی پەیوەندیکردن و دەرونزانی دەمارییەوە وەردەگرێت، هەربۆیە زانـایانی بواری زمـانەوانی دەمـاریی لێکۆڵینەوە لەومیکـانیزمە فســیۆلۆجیـانە دەکەن، کە مێشــــك لەڕێگەیـانەوە زانیارییەکانی تایبەت بەزمان چارەسەردەکات. (Ahlsen, 2006: 3)

زانسـتی زمانی دەماریی لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندی نێوان زمان و مێشـك دەکات، کە ئامانجی ســـەرەکیی بریتیە لەتێگەیشـــتن و شـــیکردنەوەی بنەما دەمارییەکان بەمەبەســـتی زانینی زمان و بەکارهێنـانەکـانی. ئەم زانســـتە خۆی لەدووجۆر بەکـارهێنـانـدا دەبینێتەوە، کە یەکەمیـان پەیوەندی بەزانســـتی پزیشـــکییەوە هەیە و بریتیە لەزانســـتی دەمارناســـی. دووەمیشـــیان پەیوەندی بەلایەنی زمانەوانییەوە هەیە، لەم لایەنەشدا کاردەکات بۆ ڕونکردنەوەی چۆنیەتی دروستکردنی هاوشێوەی بنیاتە زمانییەکان لەمێشـــکدا، واتە چۆنیەتی گوزارشـــتکردن لەجۆرو پێکهاتەو یاســـا زمانییە ناسراوەکان لەزمانی ئاخاوتنداو پاشـان چۆنیەتی چەسپاندنی لەمێشکدا، هەروەها ئەم زانستە ڕۆڵی ســەرەکی دەبینێت لەهەڵســەنگاندن و چارەســەرکردنی ئەو کەســانەی کە نەخۆشــی گوتنیان هەیە. ((Jan-ola ostman& Jef Verschueren, 2012: 1

ئەم لقە زانستە لەسـەدەی (19)یەمدا لەلایەن پزیشـکی دەماریی (پۆل برۆکا) هاتەکایەوە، کاتێك هەســتی بەبوونی پەیوەندی لەنێوان تێکچوونی زمان وەك (زمانگرتن) و تێکچوونی مێشــکدا کرد، بەڵام تاکۆتایی شـەسـتەکانی سـەدەی (20) ئینجا بووە جێگەی گرنگیدانی زمانەوانان و لەســەرووهەمووشــــیـانەوە (ڕۆمـان یـاکبســـۆن) کە درکی بەگرنگی لێکۆڵینەوە زمـانییە دەمـارییەکـان لەبەرژەوەنـدی تیۆرە زمـانیەکـانـدا کرد، تـادواجـار لەســــاڵی (1985)دا یەکەم گۆڤـاری تـایبەت بەزانسـتی زمانی دەماریی سـەریهەڵداو سـەرجەم لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەپەیوەندی نێوان زانسـتی دەمارو زمانەوانی بوون. (Whitaker, H. A, 1998: 54) لەوساتەشەوە ئەم بوارە پێشکەوتنی بەرچـاوی بەخۆیەوە بینیوەو ئەمەش بۆ چەنـد هۆکـارێـك دەگەڕێتەوە، کە بریتین لەکـامڵبوونی زانسـتی زمانی مۆدێرن و شـۆڕشـی زانسـتیی لەدەروونناسـیدا و گەشـەکردنی بواری کۆمپیوتەرو زیرەکیی دەسـتکردو داهێنان و گەشـەپێدانی بواری تیشـکی مێشـك، بەهۆی ئەمانەوە لەئێسـتاشـدا زانســـتی زمـانی دەمـاریی بووەتە بوارێکی تەواو زینـدوو گەشـــەکردوو، کە لێکۆڵەرانی بوارە جیاجیاکان بەهاوبەشی و هاریکاریی بەکاریدێنن بۆ کارکردن لەسەر بابەتەکانیان. Kammerer, (David: 2014: 1)

**تەوەری دووەم/ نەخۆشیەکانی گوتن:**

نەخۆشـــیەکـانی گوتن یەکێکە لەو بوارە ســـەرەکیـانەی کە زانســـتی زمـانی دەمـاریی تیشـکدەخاتەسـەریان، بەمەبەسـتی دەسـتنیشـانکردنی هۆکاری نەخۆشـیەکەو پاشـان دۆزینەوەی چارەســـەری گونجـاو بۆیـان. بێگومـان نـاڕێکە زگمـاکییەکـان بەیەکێك لەهۆکـارەکـانی تێکچوونی درکاندن و ئاخاوتن دادەنرێت. پێویستە مرۆڤ هەر سێ کەناڵەکانی بینین و بیستن و هەستکردن و سـەنتەرەکانی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی زمانی هیچ ئاریشـەیەکیان نەبێت، چونکە هەر یەکێك لەم بەشـــانە کار لەویتر دەکات و دواجار کار لەئاخاوتن دەکات. پێویســـتە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ لەبارێکی ئاســـاییدابێت و بەدووربێت لەهەموو ئارێشــــە بایولۆجی و فیزیکیەکان، واتە لەڕووی بایولۆجیەوە پێویستە مرۆڤ هیچ ئاستەنگێك و ناتەواویەك و کەموکورتیەك لەمێشك و دەمارەکان و ئەندامەکانی وەك: زمان و سـییەکان و بۆری هەوا و قوڕگ و دەنگەژێیەکان و مەڵاشـوو ددان و لوت و گوێ... هتد نەبێت، چونکە هەر ئەندامێك لەمانە بەرپرســـە لەپرۆســـەی ئاخاوتن و هەر کەموکورتیەك لەو ئەندامانەدا هەبێت ئەوا دەبێتەهۆی دروســـتبوونی کەلێن و گرفت لەدرکاندنی دەنگەکاندا، دواجاریش گرفت لەپرۆســـەی ئاخاوتندا دروســـت دەبێت. (أبوزيد، 2011 : 29). بەمانایەکی تر، هەندێك جار گەشەنەکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی دروسـت نەبوونی شـانە کرکراگەییەکانی قوڕگ و گەروو، یان مەڵاشـوو، یان بەهۆی دروسـت بوونی توێژاڵێکی تەنك لەنێوان دەنگەژێیەکـان لەکـاتی جوڵانیـان ڕێگرییـان لێدەکـات و نـاهێڵێت بەئاســـانی لێك نزیك و دوور بکەونەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی دروســـتبوونی ئەم بارە لەتێکچوونە دەنگییەکـان یـان هەبوونی قڵیش یـان کون و کەلێن بەدرێژایی نێوان دەنگەژێیەکـانی گەرووداە. (حەمەد، 2015 : 76) دواجاریش هەموو ئەمانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانی دەنگ لەبارە ئاساییەکەی خۆیدا.

**هۆکارەکانی نەخۆشیەکانی گوتنیش خۆی لەدوو خاڵدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:**

**یەکەم/ هۆکارە ئەندامییەکان (Organic factors):**

نەخۆشـــیە ئەندامییە دەنگیەکان، جۆرێکن لەتێکچوونە دەنگییەکان و نەخۆشـــیەکانی گوتن، کە بەهۆی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە لەکاتی بوونی هەر کەموکوڕییەك لەهەر ئەندامێك لەئەندامەکانی کۆئەندامی ئاخاوتن، دروست دەبن و دەبنەهۆی تێکچوون و ناتەواوی لەدەربڕینی دەنگەکانی زمان لەکاتی درکاندندا. تێکچوونی دەنگ بایەخێکی زۆری هەیە لەلای پزیشـکان بەتایبەتیو پسـپۆڕانی زمان بەگشتیو بەیەکێك لەخاڵە نەرێنیەکانی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکان دادەنرێت، کە هەندێك جار ئەنجامی ئەرێنیو باشـــی نابێت و بەهۆی هەڵەتێگەیشـــتنی لایەنی بەرامبەرەوە، کەســـەکە دووچاری کێشـــە دەکات، بەوپێیەی دەنگ تایبەتمەندیی تاکەکەســـیی دەردەخاتو لەڕێگەیەوە دەتوانرێت نیازو باری دەروونیی و بارودۆخی تایبەتی کەســـەکان بخوێندرێتەوە. (العفيف، د.ت: 23) هۆکارە ئەندامیەکانی نەخۆشیی دەنگنوسان خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، کە دواتر بەوردی ئاماژەی پێدەکەین.

**دووەم/ هۆکارە نائەندامییەکان (Functional factors):**

تێکچوونی گوتن و درکاندن بۆ ماوەیەکی کاتیی یاخود هەمیشـــەیی، هەندێك جار هۆکارەکەی ئەندامیەو هەندێك جـاریش نـائەنـدامیە، هەندێك جـاریش هەردووکیەتی پێکەوە. لایەنی دەروونیی بەیەکێك لەهۆکـارە گرنـگە نـائەندامیەکـان هەژمـاردەکرێت. ئەوکـاتە بـارودۆخە دەروونییەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ لەدەستدانی دەنگ بەتەواوەتی، بۆ ماوەیەکی دیاریکراوبێت، یاخود نەزانراو. بەهەمان شـــێوە بوونی کێشـــەی کۆمەڵایەتی کاریگەری نەرێنی دەکاتەســـەر دەنگی ئاخێوەرو دەبێتەهۆی تێکچوونی دەنگەکەی، بەڵام مەرج نییە هەموو مرۆڤەکـان لەکـاتی بوونی گرفتی دەروونیی یـان کۆمەڵایەتی کێشــەی دەنگیان بۆ دروســت ببێت، بەڵکو توشــبوونیان بەم گرفتە ڕێژەییە، بەوپێیەش ڕادەی توندو بەهێزیی گرفتە دەنگیەکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. نەبوونی ژینگەیەکی

لەبارو گونجاویش یەکێکە لەهۆکارەکانی تێکچوونی دەنگ. ئەم هۆکارەش لەتەوەرەکانی دواتردا وەك پێویست ڕونکراوەتەوە.

**تەوەری سێهەم/ بەهاو گرنگی دەنگ:**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو یەکێکە لەگرنگترین بەخشراوەکانی خوای گەورە، کە بەمرۆڤی بەخشیوە، تاوەکو جیایبکاتەوە لەسەرجەم گیانلەبەرەکانی تر، هەروەك (ئەرستۆ) دەڵێت: (مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە). زمان بەگرنگترین ئامرازی پێویستی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوەو تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆو تێگەیشتن، هەروەك پێوانەیەکی وردبینە بۆ وەڵامدانەوە دەروونییە ناوەکیەکان، کە ناتوانرێت تێبینی بکرێت تەنها بەهۆی ڕەفتاری زمانیی دیارەوە نەبێت. بێگومان کاتێك دەڵێین (زمان) مەبەستمان ئەو ڕیزە دەنگەیە، کەبەپێی یاساو ڕێسای فۆنۆلۆجی هەر زمانێك ڕیزکراوەو گوزارشت لەبیردەکات و واتا دەبەخشێت، کەواتە دەنگ بایەخێکی لەڕادەبەدەری لەژیانی مرۆڤدا هەیەو ڕۆڵێکی گرنگ لەگشت بوارەکانی ژیاندا دەگێرێت، بەهەمان شێوە دەنگ لای گیانلەبەرانیش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بۆنمونە (قوقەی کەڵەشێر) لەنیوە شەودا ئاماژەیە بۆ بەرەبەیان ...هتد.

دەنگ ئامرازێکی پەیوەندی زیندوە بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوون و هەست و نەست و گوزارشتکردن لەشوناسی تاك.(Lu & Huang & Cheng & Dong & Yang, 2018)

دەنگ ڕۆڵێکی سەرەکی لەژیانی مرۆڤدا دەگێرێت، لەبەرئەوەی بەیەکەم ئامرازی دەربڕینی هەستەکان دادەنرێت، هەروەها ئامرازێکی سەرەکییە بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا. بوونی هەر جیاوازییەك لەئاوەزەی دەنگدا نیشانەیە بۆجۆرە دەربڕینێکی جیاواز، وەك: خۆشەویستی، ترس، توڕەیی ... هتد. هەموو مرۆڤێك لەڕێگەی دەنگیەوە بەبێ ئاگایانە پەیامی دیاریکراوو تایبەت دەنێرێت، کە شتگەلێك لەکەسایەتیو باری دەروونییو تەندروستی ئاشکرادەکات. هەندێك لەزانایان دەنگی مرۆڤ بەکلیلی کەسایەتیەکەی هەژماردەکەن، بەوپێیەی پەردە لەسەر شتگەلێك لەکەسایەتیو سروشتو بگرە هەندێك نەخۆشیش لادەدات، هەربۆیە لەئێستادا پزیشکان لەهەوڵی سود وەرگرتندان لەشیکردنەوەی دەنگی مرۆڤ بۆ ئاشکراکردنی چەند نەخۆشیەك، وەکو خەمۆکی. ئاشکراشە کە دەنگ زانیاری تەواومان دەداتێ لەسەر سەلامەتی و تەندروستی جەستەییو دەروونییو کەسایەتیو ناسنامەو شوناسو هەستو نەستو تێگەیشتن لەتاکەکەسدا، بەڵام سەرباری ئەمانە لەژیانماندا، کەچی وەك پێویست گرنگی بەدەنگمان نادەین و بگرە بەچەندین هۆکار و بێ ئاگایانە زیانیشی پێدەگەیەنین.

**تەوەری چوارەم/ بەرهەمهێنانی ئاخاوتن:**

ئەندامەکانی ئاخاوتن (گوتن) بەو ئەندامانە دەوترێت، کە بەرپرسن لەدرکاندنی دەنگەکان، کە بریتین لە: (سییەکان، بۆری هەوا، قوڕگ، گەروو، دەنگەژێیەکان، زمانە بچکۆلە، ناودەم، زمان، مەڵاًشووی نەرم، مەڵاشووی ڕەق، پوك، ددان، لێوەکان). هەموو دەنگەکانی زمان بەو هەوایە دروستدەبن کە لەسییەکانەوە دێنەدەرەوە.

فۆنەتیك ئاستێکە لەئاستەکانی زمان، کە بەشێوەیەکی زانستیانە و بەگشتی لەدەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە لەچەند لقێك پێکدێت، یەکێك لەوانە بریتیە لەفۆنەتیکی درکاندن(Articulatory Phonetics) ، کە لەچۆنیەتی کارکردن و جوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە، هەریەکە بەشێوەیەکی جیاواز دەجوڵێنەوە لەدروستکردنی هەر دەنگێکدا. ئەندامەکانی ئاخاوتن کە دەنگیان پێ دروستدەکرێت، دابەشدەکرێت بەسەر سێ بەشی جیاوازەوە، هەر بەشێك لەم سێ بەشە بریتیە لەچەند ئەندامێکی تایبەتی: (کۆئەندامی هەناسە، قوڕگ و دەنگەژێیەکان، بۆشایی زارو لوت). کۆئەندامی هەناسە، بریتیە لەهەردوو سییەکان و ناوپەنچك و

پەراسووەکان، پاشان قوڕگ و دەنگەژێیەکان، دواتریش بۆشایی زارولوت. پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنـگ هەمووی تەواوکەری یەکترن و هەر کەموکوڕیی و گرفتێك لەهەر ئەنـدام و قۆنـاغێکدا ڕوودات، ئەوه دەبێتەهۆی وەستان و شکستهێنان بەپرۆسـەکە، بەڵام لێرەدا بەوردی تیشکدەخەینە سـەر دەنگەژێیەکان، چونکە ئەو نەخۆشـیەی لەم توێژینەوەیەدا لەبارەیەوە دەدوێین، کە نەخۆشـیی (دەنگنوسان)ە ڕاستەخۆ پەیوەستە بەچۆنیەتی کارکردن و سەلامەتی دەنگەژێیەکانەوە، بوونی هەر کێشەو تێکچوونێك لەم ئەندامەدا ڕوودات دەبێتەهۆی توشبوونی ئاخێوەر بەنەخۆشیی دەنگنوسان. کرداری هەناســەدانەوەو ئاخاوتن ســەرەتا بەبەرزبوونەوەی ناوپەنچك دەســت پێدەکات، کە پاڵ بەســییەکـانەوە دەنێـت و هەوا لەســییەکـانەوە دێتەدەرەوە، لەمکـاتەدا دەبێتەهۆی هـاتنەوەیەکی پەراسـوەکان. قوڕگیش ئەندامێکی سـەرەکیە لەدەنگ دروسـتکردندا، ژوورێکی تاڕادەیەك فراوانە، لەیـانزە کرکراگە پێکهـاتووەو دەکەوێتە کۆتـایی بۆری هەواوە، لەگرنگترین ئەندامـانی ئـاخـاوتنەو دەنگەژێیەکان لەخۆ دەگرێت. (واحد، 2013: 8).

قوڕگ بریتیە لەلولەیەکی ئێسـقانی ڕەقی هەڵقە هەڵقە، کاتێك هەوا لەسـییەکانەوە دێتەدەرێ، بەڕێگای ئەو لولەیەداو بەســەر تاڵەباریکەکانی قوڕگدا تێدەپەڕێت، تاڵەباریکەکانی قوڕگیش بریتیە لەدوو دەستە ماسولکەی نەرم، ئەم دوو دەستە ماسولکەیە کە بەرانبەری یەکدین، لەبەری سەرەوەو پێشـەوە نزیکی یەکدی دەبنەوە، بەڵام لەبەری پشـتەوەو پێشـەوە بەشـێوەیەکی ئەسـتونی دەجوڵێنەوە، ئەم دوو دەستە ماسولکەیە دەکرێنەوەو دیسـان دێنەوەیەك و پێیان دەوترێت دەنگەژێیەکان. (وەیس، 1984: 28) دەنگەژێیەکان بەســەرچاوەی ســەرەکی دروســتکردنی دەنگ لەمرۆڤدا دادەنرێتو بریتیە لەدوو گورزە تاڵی نەرم، بەشـێوەیەکی ئاسـۆی لەدواوە بۆ پێشـەوە کشـاون، لەو بەرزاییە بەیەکدەگەن کە پێی دەوترێت سـێوی ئادەم، ئەو بۆشـایەی کە دەکەوێتە نێوان ئەم دوو دەنگەژێیەوە پێی دەوترێت (مزمار) دەمەوانەی مزمار بەڕێژەی جیاواز دەکرێنەوەو دادەخرێت لەگەڵ درکاندنی دەنگەکاندا.

لەئەنجـامی کردنەوەی دەنگەژێیەکـانـدا هەوا بێ تەگەرەو بێ ئەوەی ڕێگـای لێ بگیرێ لەســییەکانەوە دێتەدەرەوە. (لەکاتی چوونەژوورەوەی هەوادا بۆ نێو ســییەکان ئەم تاڵە باریکانە هەمیشە کراونەتەوە)، لەحاڵەتی کردنەوەیشیاندا ڤاوڵەکانی زمان و کۆنسنانتە گڕەکان دەدرکێنرێن، بەڵام لەکاتی هاتنەوەیەکی ئەم دوو دەســتە ماســولکەیەدا – دەنگەژێیەکان – هەوا ڕێگەی لێ دەگیرێت و بەئارەزوی خۆی ناتوانێت بەرەو دەرەوە بڕوات بۆ ماوەیەکی کەم. لەکاتی دروستبونی کۆنسـناتنە کپەکانیشـدا تاڵەباریکەکانی قوڕگ بەشـێوەیەکی ئاسـایی دێنەوەیەك، کردنەوەو داخستنی تاڵەباریکەکانی قوڕگ بەشـێوەیەکی خێرا ڕوودەدات، بۆ نمونە، تاڵەباریکەکانی قوڕگ هەزارجار دادەخرێن و دەکرێنەوە لەچرکەیەکـدا. (وەیس، 1984: 28 – 29) کەواتە بەپێی لەیەکتر نزیکبونەوەو لەیەکتر دورکەوتنەوەی دەنگە ژێیەکان ئەوا دەنگەکانی زمان دەکرێن بەدوو جۆرەوە:

**یەکەم/ دەنگە کپەکان (کۆنسنانتە کپەکان):**

ئەو دەنگـانەن لەکـاتی تێپەڕبوونی هەوای بەنـاو ســییەکـانـدا ئەوا دوو دەنگەژێیەکە لەیەکتر دووردەکەونەوە، واتە بەهیچ شێوەیەك ڕێگری لەهەواکە ناکەن، بەمەش لەکاتی تێپەڕبوونی هەواکە دەنگەژێیەکان نـالەرێنەوە، ئەو دەنگانەی کە بەم شــێوەیە هەواکەی تێدەپەڕێت لەزمانی کوردیدا بریتین لەدەنگەکـانی (پ، ت، ك، ق، چ، ش، ف، س، خ، ح، ە، همزە). (دزەیی و ئەوانی تر، 2015: 66).

**دووەم/ دەنگە گڕەکان (کۆنسنانتە گڕەکان و ڤاوڵەکان):**

ئەو دەنگـانەن کە لەکاتی تێپەڕبوونی هەوا بەناو ســییەکاندا، ئەوا دوو دەنگەژێیەکە لەیەکتر نزیکـدەبنەوە، بەمەش لەکـاتی تێپەڕبوونی هەواکە تـاڵە دەنگییەکـان جۆرە ڕێگرتنێـك یـان تەســکبوونەوەی ڕێگا لەبەردەم هەوای تێپەڕبوو دروســت دەکەن، هەر ئەمەش وا دەکات هەواکە

بەهۆی پاڵە پەستۆیەکی بەرزەوە هەوڵبدات لەم بۆشایە تەسکە دەربچێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەرینەوەی ئەو ڕیشاڵانەی کە بەهەردوو دەنگەژێیەکانەوە نووساون، بۆیە دەنگەژێیەکانیش دەلەرنەوە. ئەو دەنگانەی کە بەم شێوەیە هەواکەی لەکاتی گۆکردنیان بەقوڕگدا تێدەپەڕێت بریتین لە: (ب، د، گ، ژ، ز، ڤ، غ، ع، م، ن، ل، ڵ، ر، ڕ، و، ی، هەموو ڤاوڵەکان). (دزەیی و ئەوانی تر، 2015: 66).

بێگومان تاڵەباریکەکانی قوڕگ چەنێك باریك و ورد بن ئەوەندە ئەو دەنگەی پێیان دروست دەکرێت بەرزو زیقن دەبێت، بۆ نمونە، دەنگی مناڵ زیقن و باریك و درێژە، چونکە تاڵەباریکەکانی قوڕگی مناڵ باریك و وردن، هەروەها چونکە تاڵەباریکەکانی قوڕگی ژن باریك و درێژن، دەبینین دەنگی ژن گڕو بەرزە، لەبەرئەوەی تاڵەباریکەکانی قوڕگی پیاو ئەستورو کورتن دەبینین دەنگی پیاو لەدەنگی ژن قەبەترە، لەبەرئەم هۆیە ڕادەی لەرینەوەی تاڵەباریکەکانی قوڕگی ژن لەنێوان (200 – 300) خولە لەچرکەیەکدا، بەڵام ڕادەی لەرینەوەی تاڵەباریکەکانی قوڕگی پیاو لەنێوان (100 – 150) خولە لەچرکەیەکدا. (وەیس، 1984: 29) درێژی دەنگەژێیەکان لەمرۆڤی پێگەیشتودا لەنێوان (23 – 27ملم) دەبێت. (واحد، 2013 : 11).

کۆتا قۆناغی دروستکردنی دەنگیش پاش ئەوەی هەوا بەناو قوڕگ و دەنگەژێیەکاندا تێدەپەڕێت تادەگاتە بۆشایی زارولوت، کە لەسەروی قوڕگەوە دەست پێدەکات تادەگاتە هەردوو لێو، کە ئەم ئەندامانە دەگرێتەوە: مەڵاشوی (ڕەق و نەرم)، ددانەکان، زمان، لوت و هەردوو لێو.

**تەوەری پێنجەم/ نەخۆشیی دەنگنوسان(Hoarseness) :**

پەیوەندی زارەکی بەگرنگترین جۆری پرۆسەی پەیوەندیکردن دادەنرێت، کە بەهۆیەوە نێرەر پەیامە دەنگیەکەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی وەرگر دەکات، بوونی هەر کەموکوڕی و کەلێنێك لەشریتە دەنگیەکەدا، دەبێتەهۆی وەستان، یاخود پەیامەکە وەك پێویست ناگاتە گوێگر. یەکێك لەو کەموکورییانەی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندیکردندا بریتیە لەنەخۆشیەکانی گوتن، کە دەنگنوسانیش بەیەکێك لەنەخۆشیەکانی گوتن هەژماردەکرێت، کە دەشێت لەهەر تەمەنێکدا ڕووبدات، ڕەنگە تێکچوونی کاتیی یان درێژخایەن بێت، لێرەدا ئاخێوەر ناتوانێت بەشێوەیەکی دروست پەیوەندی زارەکی لەگەڵ چواردەورەکەیدا ئەنجامبدات، هەروەها دەستنیشانکردنی جۆرو کات و هۆکاری نەخۆشیەکەو لەهەمووی گرنگتر پیشەی نەخۆشەکە، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ دانانی چارەسەری گونجاو لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، کە دەشێت بەهۆی تێکچوونی یەکێك لەئەندامەکانی ئاخاوتنەوەبێت، یان بەشێك لەناوچە بەرپرسەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکە ببێتەهۆی دروستبوونی ئەم نەخۆشییە.

دەنگنوسان بەیەکێك لەنەخۆشیەکانی تێکچوونی دەنگ (Voice Disorders) دادەنرێت، کە هەموو ئەو نەخۆشیانە دەگرێتەوە، کە توشی دەنگ (گەروو) دەبێت، بەهۆی بوونی هەر کێشەو گۆڕانکارییەك کە ڕووبەڕووی سروشتی دەنگ یان بەهێزییەکەی دەبێتەوە.دەنگنوسانیش بریتیە لەو گۆڕانکارییە دەنگیانەی بەهۆی بوونی گرفت لەپێکهاتەی دروستکردنی دەنگ لەکەسێکی تەندروستدا ڕوودەدات. (أبوزید، 2011 : 33 ، 71)

دەنگنوسان تێکەڵەیەکە لەدەنگی گڕوکپ، کە ئاستی دەنگە کپەکە ئاوازەکەی نزمەو هەندێك جاریش گڕە، کە دەنگەکە ڕەق و توندو منگن دەکات. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشەیەکی بنەڕەتی لەگەرووداا یان ئیفلیجی لەدەنگەژێیەکاندا، کە ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەکاری لەرەی دەنگەژێیەکاندا کاتێك هەوا لەسیەکانەوە دێتەدەرەوە لەکاتی ئاخاوتندا. ( Mathieson, 1995: 171 – 176)

تێکچوونی دەنگ بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەشێوەی چپەچپ دێتەبەر گوێمانو لەئەنجامی بوونی کەموکوڕی وگرفت لەهەردوولای دەنگەژێیەکانەوە دروستدەبێت، کە ڕێگریدەکەن لەنزیکبوونەوەو

داخســـتنی دەنگەژێیەکـان لەیەکتر، یـاخود بەهۆی کێشـــەیەکی کـارەکیی لەکۆئەنـدامی دەمـاردا دروســـتدەبێت، یاخود هۆکاری دەروونیی لەکاریاندەخات. نەمانی دەنگیش بەشـــێوەیەکی کاتیی چەندجۆرێك لەخۆ دەگرێت، بۆ نمونە، هەندێك لەکەســـانی نەخۆش لەکۆتایی ڕۆژەکەیاندا دەنگیان دەنوســێت‌و نامێنێت، هەندێکیشــیان لەکاتی ئاخاوتندا بەشــێوەیەکی پچڕ پچڕ دەنگیان دەردەچێت‌و هەست بەدەنگنوسانیان دەکرێت‌و لەپڕ دەنگیان دەپچڕێت.(بایە، 2013: 225 – 226)

**تەوەری شەشەم/ جۆرو هۆکارەکانی نەخۆشی دەنگنوسان:**

**یەکەم/ نەخۆشی دەنگنوسانی ئەندامیی:**

بەهۆی بوونی کێشـەیەکی ئەندامیی لەکۆئەندامی ئاخاوتندا ڕوودەدات، کە بەهۆیەوە نەخۆشـەکە پەنادەباتەبەر فشـــارخســـتنەســـەر کۆئەندامی ئاخاوتن لەکاتی قســـەکردندا. (دوریا، 2014: 48) دەنگنوســـانی ئەندامیی پەیوەندی بەبەکارهێنانەوە نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشـــەیەك لەجوڵەی گەروودا وەك ئەنـدامێکی ســـەرەکی دەنـگ، یـان هەبوونی کێشـــە لەدەنگەژێیەکاندا. (علی، 2012: 38)

**جۆرو هۆکارەکانی نەخۆشی دەنگنوسانی ئەندامیی:**

**1. ئیفلیجبوونی دەنگەژێیەکـان(Vocal fold paralysis):** ئیفلیجبوون بەیەکێك لەهۆکـارە ئەندامیی یـان دەمـارییە بـاوەکـان دادەنرێـت، کە دەبێتەهۆی لەکـارکەوتنی یەکێك یـان هەردوولای دەنگەژێیەکان لەکاتی داخستنی زمانی مزماری بەتەواوەتی، ئەم بارودۆخەش لەئەنجامی کێشەیەکی دەماریی دروســـتدەبێت، کە دواجار دەبێتە هۆکاری توانای لەدەســـتدانی کرانەوەو هاتنەوەیەکی دەنگەژێیەکان و لەکارکەوتنی جوڵەی ئەو ئەندامانەی پێوەی لکاون. (الزریقات، 2005: 206)

**2. تۆڕی گەروویی**: ئەم بـارودۆخە پەیوەســـتە بەبوونی توێژاڵێکی تەنـك کە بەدرێژی لەنێوان دەنگەژێیەکاندا هەیە، هەندێك جار هەر لەزگماکیەوە بوونی هەیە یان بەهۆی بەکارهێنانی دەرزی یان نەشـــتەرگەرییەوە دروســـتدەبێت، کە بەتەواوەتی دەبێتە هۆکاری داخســـتنی ڕێڕەوی زمانی مزماری و لەکاتی هەناســـەداندا ڕێگری دروســـتدەکات، هەربۆیە پێویســـتی بەنەشـــتەرگەری خێرادەبێت، ئەمەش کـاریگەری لەســـەر دەربڕینی دەنـگ هەیە، کە هەنـدێك جـار گڕو هەنـدێك جاریش بەرزدەبێت. لەمکاتەشـدا پێویسـتە سـەردانی پزیشـکی پسـپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) و پسپۆڕی ئاخاوتن بکرێت لەپێناو چارەسەرێکی دوولایەنە. (شاش، 2007: 124)

**3. هەڵئـاوســـانی گەروو**: زۆربەی کـات دەنگنوســـان بەهۆی بەکـارهێنـانی هەڵەی دەنگەوە دروستدەبێت لەکاتی هاوارکردن یان سەرمابوون یان هەڵئاوسانی لەوزەتێن یان هەبوونی نەخۆشی لەکۆئەندامی هەناســـەدا، کە دەبێتە هۆی هەڵئاوســـان لەگەروو و دەنگەژێیەکان و ماســـولکەکانیدا بەوهۆیەوە تێکچوونی دەنگیی ڕوودەدات و کاری هەناسەدانیش قورسدەبێت، ئەمەش وادەکات کە دەنگنوســـانەکە بەشـــێوەیەکی کـاتیی یـان بۆمـاوەیەکی دوورودرێژبێت. ئەگەر دەنگنوســـانەکە چارەســـەریش نەبوو، بەبێ بوونی هیچ هۆکارو نەخۆشـیەك بەردەوام دووبارە دەبوویەوە، ئەوکاتە دەبێتە نەخۆشیەکی درێژخایەن. لەکەسانی گەورەشدا ڕاهێنەری گشتی نەخۆشەکە ڕەوانەی پزیشکی پســپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) دەکات بەمەبەســتی زانینی مەودای کاتی دەنگنوســانەکە، یاخود گریمانەی تێکچوونێکی بەردەوام لەدەنگەکەدا، پاشـان ئەگەر پێویستیشـیکرد ڕەوانەی لای پسـپۆڕی ڕاهێنەری زمان و ئاخاوتنی دەکات بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە. ( Mathieson, 1995: 171 – 176)

بەگوێرەی پســـپۆڕانی بواری تێکچوونی دەنـگ، دەنگنوســـان لە تێکەڵبوونی هەردوو جۆری دەنگی (گڕ – نزم) دروستدەبێت، کە بەزۆریی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وروژاندن‌و هەوکردنی گەروو بەهۆی هـاواری تونـد، یـاخود قیژانـدنێکی بەهێزەوە، یـان بەهۆی پەتـاو ســـەرمـابوونەوە دروستدەبێت، یان نیشانەیەکە لە نیشـانەکانی نەخۆشکەوتنی گەروو، لەو سـاتانەشدا دەنگی کەسـەکە

دەنوسـێتو وردە وردە نزمو لاواز دەبێتو دەنگەژێیەکان توانای کارکردنی تەواویان نامێنێتو چالاکیان کەمدەبێتەوە. (العبدالله، 2015: 58) لەمکاتەشدا کەسەکە هێزێکی زۆرو هەوڵی بەردەوامدەدات بۆ ئاخاوتن لەڕێگەی فشـارخستنەسـەر گەرووەوە، کە ئەویش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ماسولکەکان دەبێتو لەئەنجامدا گەروو توشی سوتاندنەوە یان کێشەی هەناسە، یاخود ناڕەحەتی لە قوتدانی خۆراکدا دەکات. Jean a Rondal& Xavier Seron, 2003 (:442)


**4. برینداربوون بەهۆی ڕووداوەکانەوە:** بەهۆی برینداربوونی کڕکڕاگەی گەروو، کە لەوانەیە کڕکڕاگەی گەروو توشی برین بووبێت یان لەکاتی نەشتەرگەری لەگەرووددا دەنگەژێیەکان برینداربین یان لەکاتی هەناوبینی کۆئەندامی هەناسە یان دەنگەژێیەکاندا یان نەشتەرگەری لەوزەتێندا ڕوودەدات. برینداربوونی ڕووداوە دەرەکیەکانیش، وەك زەبر بەرکەوتنی گەروو لەکاتی شەڕکردن یان ڕووداوی هاتوچۆ یان یاری بۆکسێندا... هتد ڕوودەدات. (شاش، 2007: 126) هەروەها یەکێکی تر لەهۆکارەکانی برینداربوونی گەروو بریتیە لەهەستیاری گەروو، کە دەبێتە هۆی سوربونەوەو برینداربوونی ناوپۆشی گەروو.

**5. ئەو نەخۆشیانەی دەبنەهۆی لاوازبوونی جەستە(Debilitaning diseases):** بەهۆی کەمخوێنیەوە کەسەکە توشی لاوازبوون دەبێت و لەکاتی ئاخاوتندا ناتوانێت زمانی مزماری بەتەواوەتی دابخات. ئەم کێشەیەش بەهۆی دابەشبوونی خوێن بەسەر ماسولکەو ئەندامەکانی لەشدا دروستدەبێت. ئەو کەسانەی ئەم کێشەیەیان هەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەنگیشیان دەبێت و توشی دەنگنوسان دەبن. (الزريقات، 2005: 206)

**6. گرێی گەروو:** گرێ دابەشـدەبێت بەسـەر دووجۆردا گرێی (خاوێن یان شـێرپەنجە)یی. گرێی خاوێن زیان بەدەنگەژێیەکان و دەوروبەری ناگەیەنێت، بەڵام گرێ شـێرپەنجەییەکان بەهۆی زوو بڵاوبوونەوەیان کاریگەری خراپیان لەسـەر دەنگەژێیەکان دەبێت و ئەگەر بەزویی چارەسـەر نەبێت. ئەم حاڵەتە زیاتر لەپیاواندا ڕوودەدات وەك لەژنان. (شاش، 2007: 125)

لێرەدا جۆرەکانی گرێی خاوێن لەسەر دەنگەژێیەکان دەخەینەڕوو:

**یەکەم/ وردە گرێی سەر دەنگەژێیەکان(Vocal Nodules)** : لەئەنجامی هەڵئاوسانی گەروو، گرێ دەنگیەکان دروست دەبن، ئەو هەڵئاوسانانە دەگۆڕێن بۆ گرێی بچوك وردە مورووو لەسەر دەنگەژێیەکان یان دەوروبەری یان ناوەڕاست یان دیوی پێشەوەی دروست دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە ڕێگرییەك لەجوڵەو لەرینەوەکانی دەنگەژێیەکان لەکاتی ئاخاوتندا. (Boyle, B., 2000: 71-75)



**دووەم/ گرێی لینجی دەنگەژێیەکان(Vocal Polyp) :** بریتیە لەهاوشـــێوەی گرێیەکی خاوێن لەیەکلا یان هەردوولای دەنگەژێیەکان. لەســـەرەتای هەســـتکردن بەمجۆرە گرێیانە نەخۆشـــەکە بەشـــێوەیەکی کتوپڕ هەســـت بەبوونی ناڕەحەتیەك لەدەنگەژێیەکانیدا دەکات. ئەمجۆرە گرێیانە لەشێوەکەی دەنکۆڵەیەکی وردو خڕ لەسەر یەکلا یان هەردوولای دەنگەژێیەکان دەبینرێت. (علی، 2012: 40 – 41)



**7. کێشـەکانی ڕژێنی دەرەقی:** یان بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی هۆڕمۆنی نێرینەیان تێدایە لەلایەن ئـافرەتـانەوە، هەربۆیە پێویســـتە ئـافرەتی دووگیـان خۆی بپـارێزێت لەو دەرمـانـانە، لەبەرئەوەی کاریگەری لەســـەر دەنگی دروســـتدەکات و دەنگیان وەك دەنگی پیاو لێدەکات، ئەو گۆڕانکاریەش لەدەنگدا بۆ هەمیشەیی دەبێت. (دوریا، 2014: 51 – 52)

**8. تێکچوونی دەنـگ لەکـاتی هەرزەکـارییـدا:** هەنـدێك جـار کەســـەکە دەنگی منـداڵی و دەنگی هەرزەکاری تێکەڵ بەیەك دەبن و لەیەککاتدا دەبێتە خاوەنی دوو دەنگ بەدوو تۆنی جیاواز، تۆنی منـداڵانەو تۆنی هەرزەکـاری. گۆڕانی هۆرمۆنی تـایبەت بەهەرزەکـاری لەو تەمەنەدا گۆڕانی بەســـەردادێت و هەر ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەنگ لەچینێکی تیژو بەرزی منداڵانەوە بەرەو لەرەیەکی نزم بگۆڕێت. (أبوزید، 2011: 72)

**9. تەمەن:** بەیەکێك لەهۆکارە ئەندامیەکان دادەنرێت، کە مرۆڤ بەرەبەرە لەگەڵ هەڵکشـــاندنی تەمەندا ئەگەری توشبوونی بەنەخۆشی دەنگنوسان هەیە.

**10. کێشـەی مێشك**: لەجەڵتەی مێشك و کێشەی کارەباياتی مێشك، هەروەها شـەلەلبوونی ناوچەی مێشك یان ئەو دەمارە ڕاگەیاندنەیی لەقوڕگ بەرپرسیارە.

**11. تێکچوونی دەنگ بەهۆی کێشە پاسۆلۆجیەکانەوە:** بۆنمونە:


**أ. ئەمجۆرە توشی منداڵ دەبێت (وەك گۆشتی زیادەی سەر دەنگەژێیەکان):** ئەمجۆرە دەنگنوسانە توشـی ئەو منداڵانەدەبێت، کە بەدرێژایی ڕۆژ هاواردەکەنو دەگرین. (أبوزید، 2011 : 71- 72) زۆربەی کات ئەم کێشـەیە توشـی منداڵی کوڕدەبێت، گۆشـتە زیادەکەش بەزۆری لەسـەر یەکلای دەنگەژێیەکان دەبێت و ئەگەر زوو چارەســـەر نەکرێت ئەوا گەورەدەبێت و کاریگەری لەســـەر لایەکەی تری دەنگەژێیەکان دەبێت. (دوریا، 2014: 55)




ب/ **ورده وردەی گۆڕانیبێژان**: ئەمجۆرەیان توشـــی هەرزەکار دەبێت بەتایبەتیش ڕەگەزی مێ و بەدەگمەن توشی ڕەگەزی نێردەبێت. (دوریا، 2014: 55)



پ/ **کیسـی سـەر دەنگەژێیەکان:** ئەمجۆرە توشـی کەسـانی گەورەش بەشێوەی یەك دانە یان کۆمەڵە کیسێك لەناو دەنگەژێیەکاندا دروست دەبێت. (علی، 2012: 40)



د/ **گۆشتی زیادەی سـەر دەنگەژێیەکان:** زیاتر توشـی ڕەگەزی نێردەبێت، ئەمجۆرە زیاتر لەسـەر یەکلای دەنگەژێیەکـان دروســـت دەبێـت و ڕەنگە بەدرێژایی ڕۆژگـار کـاردانەوەی لەســـەر دەنگەژێیەکەی تریش هەبێت. (دوریا، 2014: 56)



**دووەم/ نەخۆشیی دەنگنوسانی نائەندامیی (ئەرکیی):**

بریتیە لەتوندبوون و دەرنەچوونی دەنـگ بەئـاســــانی. (دوریـا، 2014: 53) زۆربەی کـات دەنگنوسان بەهۆی زۆر بەکارهێنانی دەنگەوە دەبێت، بەڵام دەکرێت هەندێك جار بەهۆی تێکچوونی ئەندامیی و دەرونیەوەبێت یان کێشەیەك لەپێکهاتەی لەشدا بەگشتی، هەروەها فاکتەرە کەسێتیەکان و دەوروبەر ڕۆڵی بەرچاوو گرنگیان هەیە لەتوشبوونی کەسەکە بەدەنگنوسان. ( G.Niedzielska ,2001:190)

کاتێك کێشــە لەجۆرییەتی دەنگەکەدا هەبێت دەبێتەهۆی ئەوەی دەنگەکە گڕوکپ و تیژ دەربکەوێت. بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەنگەوە دروســـتدەبێت وەك هەندێ پیشـــە، کە بەبەردەوامی پێویســـتی

بەدەنگێکی بەرز هەیە، وەك وانەوتنەوە، هەروەها هەڵئاوسانی گەروو کە بەهۆیانەوە دەنگنوسانی کاتیی ڕوودەدات، ئەگەر چارەسەرنەکرێت درێژەدەکێشێت و دەبێت بەنەخۆشیەکی درێژخایەن. (الزریقات، 2005: 204)

**هۆکارەکانی دەنگنوسانی نائەندامیی (ئەرکیی):**

**1. ماندوبوونی دەنگ بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە:** پسپۆڕان پێیانوایە زۆربەی حاڵەتەکانی خراپبوونو تێکچوونی دەنگ پەیوەندییان بەخراپ بەکارهێنانی دەنگەوە هەیە، وەك ئاخاوتن بەخێراییەکی زۆرو لەڕادەبەدەر، یان بەکارهێنانی ئاستو تۆنێکی زۆر نزم، یان ئاخاوتن بەدەنگێکی زۆر بەرزو بەهێز. ئەم شێوە بەکارهێنانە بەبەردەوامیی زیانی بۆ دەنگەژێیەکانو گەروو دەبێتو کەسەکە توشی نەخۆشی ئەندامیی دەکاتەوە، هەربۆیە دەکرێت بڵێین هەر شتێك گۆڕانکاری یان ڕێگریی لەبەردەم کاری ئاسایی و چالاکی کۆئەندامی هەناسەو دەنگ دروست بکات، ئەوا هۆکارێك دەبێت لەهۆکارەکانی تێکچوونی دەنگ. (العبدالله، 2015 : 61-62)
بێگومان ئەو مرۆڤانەی پیشەکانیان پەیوەستە بەدەنگەوەو زۆر دەنگیان بەکاردەهێنن هەندێك کات ڕووبەڕووی تێکچوونی دەنگ دەبنەوە، چونکە بەکارهێنانی دەنگ بەشێوەیەکی هەڵە بەخاڵی سەرەکی دادەنرێت بۆ تێکچوونی، وەك: هاوارکردن و برینداربوونی قوڕگ، هەروەها شێوازی ژیانکردن کاریگەری لەسەر زیانگەیاندن بەدەنگ هەیە، وەك: پێکەنینی زۆرو بەدەنگی بەرزو توڕەبوون و درەنگ خەوتن و بێداری و جگەرەکێشان و خواردنەوەی مادده کهولیەکان و مادده هۆشبەرەکان و خۆراکی خراپ و مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەشوێنەداخراوەکانی پڕ لەدوکەڵ و تەپوتۆز و کەشوهەوای وشك، کە سەرجەمیان کاریگەری نەرێنییان لەسەر قورگ و دواجاریش دەنگەژێیەکان هەیە.

**2. لاوازی دەنگ:** کۆمەڵێك نیشانەی هەیە وەك: وشکبوونی گەروو، ئازاری گەروو، ئارەزوی بەردەوامی پاکردنەوەی گەروو لەگەڵ ئحم ئحمی بەردەوام، هەستکردن بەبوونی تەنێکی نامۆ لەناو گەروودا ، بێ توانایی لەبەردەوامبوونی ئاخێوەر لەسەر ئاخاوتن بەهۆی ماندووبون و سەرفکردنی وزەیەکی زۆرەوە بۆ دروستکردنی دەنگ، هەروەها کەشوهەوا ڕۆڵی لەدروستبوونیدا هەیە، وەك خۆڵبارینو دووکەڵو کەمبوونی ڕادەی شێ. ئەم هۆکارە لەئەنجامی هەڵە بەکارهێنان، یاخود زۆر بەکارهێنانی دەنگ بەشێوەیەکی هەڵە بەتایبەتی لەلای ئەو کەسانەی کە لاسایی دەنگی کەس و ئاژەڵان دەکەنەوە (أبوزید، 2011 : 71- 73)

**3. هەبوونی کەسانی گوێگران لەناو خێزاندا:** بەهۆی بوونی ئەمجۆرە کەسانەوە، ئەندامی خێزانەکە ناچارن تۆنی دەنگیان زۆر بەرزبکەن، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر گەروویان جێدەهێڵێت. (علی، 2012: 36)

**4. جگەرەو مادده کهولیەکان:** ئەم دوو مادەیە زیانی زۆر بەدەنگ دەگەیەنن، ئاشکرایە کە تۆنی دەنگی ئەو کەسانەی مادەی کهولی دەخۆنەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو زۆرجار دەنگیان گڕە، بەڵام کەسانی جگەرەکێش هەرچەندە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەوانەی مادەی کهولی دەخۆنەوە، کاتێك واز لەجگەرەکێشان دەهێنن بەهۆی باری دەرونیانەوە تۆنی دەنگیان دەگۆڕێت و بەرەو نوسان دەچێت. (علی، 2012: 36) جگەرەکێشان دەبێتەهۆی وشکبوونەوەی مادە لینجیەکانی ناو بۆری هەناسە، چونکە سەلمێنراوە لەڕووی زانستیەوە کە وشکبوونی هەر بەرگە لینجێك بەهۆکاری مادەی کیمیایی دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەو بەرگە لینجیەو وشکیدەکاتەوە وەکو وشکبوونەوەی پێست. جگەرەش بەو پێیەی مادەیەکی شێرپەنجەییە دەکرێت یەکێك بێت لەم هۆکارانە. (دوریا، 2014: 48)

**5. بەکارهێنانی داودەرمان:** هەندێك کات بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی دیاریکراو دەبێتە هۆی دەنگنوسان، وەك: نەخۆشی ڕەبۆ. (علی، 2012: 37)

**6. هۆكاره دەروونیەكان:** هەندێك جار كێشـــە خێزانیەكان، تایبەت بەئیش و كاربێت یان لایەنی ســـۆزداری هۆكارن بۆ دەنگنوســـان ئەمەش بەهۆی تێكچوونی باری دەروونیی كەســـەكەوە، كە دەكرێت ببێتە هۆكارێك بۆ تێكچوونی بەردەوامی تۆن و شـێوەی دەنگ. (شـاش، 2007: 129 – 130)

**7. سكپڕی و نەشتەرگەری ناوسك:** كاتێك گۆڕانكاری لەناوسكدا ڕوودەدات، كاریگەری دەبێت لەسەر دەنگ، چونكە نەخۆشەكە پێویستە وزەی زیاتر سەرف بكات لەكاتی دەربڕینەكانیدا دواجار دەبێتە هۆی دەنگنوسان. (علی، 2012: 37)

**8. گەڕانەوەی ترشـــەڵۆكی گەدە:** ئەمەش دەبێتەهۆی ئـاڵۆزی لەگەروو كـاریگەری لەســـەر دەنگەژێیەكان دروسـتدەكات، هەندێك جاریش گەڕانەوەی ئەم ترشـەڵۆكە بەبەردەوامی دەبێتەهۆی كۆكەی وشك و گۆڕینی دەنگی كەسەكە بەرەو گڕی یان نوسان. (علی، 2012: 37)

**9. ژینگەی پڕ لەدەنگەدەنگ و ژاوەژاو:** هۆكارێكە بۆ دەنگنوســانی ئەو كەســانەی لەژینگەیەكی پڕ لەدەنگەدەنگ و ژاوەژاودا دەژین یان كاردەكەن، كە پێویســـتە بەبەردەوامی لەكاتی ئاخاوتندا وزەی زیاتر سەرف بكەن. (شاش، 2007: 130)

**10. بەكـارهێنـانی ئـامێری میوزیكی هەوایی:** زۆربەی كـات ئەو كەســـانەی ئـامێری میوزیكی هەوایی بەكاردێنن، وەك باڵەبان و زوڕناو فلوت لەكاتی ئاخاوتندا هەســـت بەنوســـانی دەنگیان دەكرێت. (علی، 2012: 38)

**11. گیراوەی كیمیایی:** وەك بەكارهێنانی هەندێ لەپاككەرەوەی ناو ماڵ لەلایەن خانمانەوە.

**12. پەینی كیمیایی:** بەكارهێنانی مادده كیمیاییە پەینەكان لەلایەن جوتیارانەوە.

**جۆرەكانی دەنگنوسانی نائەندامیی (ئەركیی):**

چەند جۆرێكی جیاواز لەدەنگنوسانی ئەركیی بەدیدەكرێت، كە بریتین لە:

**1.دەنگنوسانی سەروو كارەكیی:** سەرجەم جۆرەكانی توندبوونەوەی زیاتری ماسولكەكانی تایبەت بەكەناڵە دەنگییەكان دەگرێتەوە، بەهۆی خراپ بەكارهێنانی دەنگەوە كە كاریگەری دروســـتدەكات لەســـەر توندبوونەوەی هەموو ماســـولكەكانی تایبەت بەدروســـتكردنی دەنگ و ماســـولكەكانی هەناســـەدان، لەو كاتەشـدا كەســـەكە توشـــی ئازاری گۆڕینی دەنگ دەبێت، ســـەرباری هەبوونی نیشانەی لاوازیی لەدەنگیدا كە دواجار دەنگی بەشێوەیەكی قورس‌و ناڕەحەت دەردەچێت. (أبوزید، 2011 : 72)

**2.دەنگنوســـانی خوار كارەكیی:** ئەمجۆرەیان بەهۆكاری دەروونیی و وەك ئامرازێك بۆ خۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتی دروستدەبێت، كە زۆربەی كات دەنگەكەو شێوەی هەناسەدانەكەش بەشێوەیەكی لاواز دەردەچن، بەهۆی بوونی كێشە لەكۆنترۆڵكردنی ماسولكەی قورگدا. (أبوزید، 2011 : 72)

**3. دەنگنوســـان بەهۆی بەكارهێنانی درۆزنانەی دەنگەژێكانەوە:** كەســـی نەخۆش پەنادەباتەبەر بەكارهێنانی درۆزنانەی دەنگەژێكانیەوە بۆ دروســـتكردنی دەنگ، كە دواجار دەنگی دەگۆڕێت‌و جیاواز لەدەنگی ڕاستەقینەی خۆی دەردەكەوێت. (أبوزید، 2011 : 71- 73)

**4. نەمـانی دەنــگ بەتەواوەتی:** نەخۆشـــەكە (كە زیـاتر لەڕەگەزی مێیە) دەنگی بەتەواوەتی لەدەســـتدەدات بۆ مـاوەیەكی دیاریكراو ئەمەش بەهۆكـارێكی دەروونیی ڕوون و ئـاشـــكرا، یاخود هەبوونی ســـترێســـێكی زۆرەوە ڕوودەدات، كە هۆكـارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆدزینەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕوداوێكی دیاریكراو. (دوریا، 2014: 60)

**تەوەری حەوتەم/ دەستنیشانكردنی نەخۆشیی دەنگنوسان:**

بێگومان دەستنیشانکردنی نەخۆشییە دەنگیەکان بەگشتی و دەنگنوسان بەتایبەتی بەیەکەم هەنگاو دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکە. سەرەتا نەخۆشەکەو دەوروبەر هەست بەبوونی یەکێك یان چەند دانەیەك لەم نیشانانەی لای خوارەوە دەکەن:

1. هەستکردن بەدەنگنوسان کە ماوەی زیاتر لەدوو هەفتەی خایاند.
2. وشکی یان هەڵئاوسانی بەردەوامی گەروو.
3. گۆڕان لەپلەی دەنگدا.
4. دروستبوونی دەنگێکی چرپە کە لەڕێگەی هەناسەدانەوە دروست بووبێت.
5. دەنگێکی لاواز یان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو دەنگنوسانی زیاتر بچێت.
6. دروستبوونی دەنگێکی زۆر هێمن، کە دەوروبەرەکەی ناتوانن بیبیستن.
7. کۆششکردن و پشونەدان لەکاتی ئاخاوتندا.
8. هاتن وچوونی هەناسەدان پێش کۆتای پێهێنانی ڕستەکە.
9. کۆکەی بەردەوام لەکاتێکدا کەسەکە توشی هەڵئاوسان یان ئەنفلۆنزا نەبووبێت.
10. زبرو گڕی دەنگ.
11. قسەکردن بەلوت.
12. بەرزو نزمبوونی ئاستی دەنگ.
13. نەمانی دەنگ یاخود دەنگێکی کپکراو.
14. لەرزینی دەنگ. (Davis & Harris, 1992: 136- 140) (Wright & Graham, 1997: 171-174)

کاتێك نەخۆش یەکێك یان چەند دانەیەك لەم نیشـــانانەی تێدا دەرکەوت، پێویســـتە ڕاســـتەوخۆ سەردانی پزیشکی پسپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر.

**تەوەری هەشتەم/ چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەنگنوسان:**

لەم تەوەرەدا بەشـێوەیەکی پلەبەندی ئاماژە بەڕێکارەکانەی چارەســەری نەخۆشــی دەنگنوســان دەکەین، لەیەکەم هەنگاوەوە، تاوەکو دوا هەنگاو:

**یەکەم/ پزیشکی پسپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ):**

یەکەم هەنگاو کە پزیشـــکەکە پەنای بۆ دەبات، بریتیە لەوەی کۆمەڵێك پرســـیار ئاڕاســـتەی نەخۆشـەکە دەکات، وەك: تەمەن و پیشـەو شـێوازی ژیان و ماوەی دەرکەوتنی نیشـانەکان ...هتد. پاش وەرگرتنی زانیارییەکان و ئاگاداربوون لەتوشـــبوونی نەخۆش بەدەنگنوســـان، پزیشـــکەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری (هەناوبینی گەرووییە)ەوە، کە بەهۆی ئەم پشـــکنینەوە دڵنیادەبێتەوە لەســـەلامەتی بارودۆخی قوڕگ و دەنگەژێیەکانی نەخۆشـــەکە، کەواتە ئامانجی پزیشـکی پســـپۆڕ ئەوەیە کە پشکنین بۆ ئەندامەکانی ئاخاوتنی کەسـەکە بکات، وەك قوڕگ و دەنگەژێیەکان و گوێ و لوت، ئەوکاتە نەخۆشـەکە چارەسـەری پزیشـکی بۆ ئەنجامدەدرێت، وەك دەرمان و نەشـتەرگەری. لەهەمانکاتدا پزیشك نەخۆشەکە بۆلای ڕاهێنەری دەنگیی دەنێرێت.

پســپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) بەپێی جۆرو هۆکارەکان پەنادەباتەبەر چارەســەری گونجاو، واتە ئەگەر نەخۆشـــەکە دەنگنوســـانەکەی لەجۆری ئەندامی بوو، ئەوکاتە ئەگەر پێویســـتی کرد نەشـــتەرگەری بۆ ئەنجامدەدرێت، بۆ نمونە: بوونی گرێی خاوێن یان شـــێرپەنجەیی، یان هەبوونی تۆڕی گەروویی، بەڵام ئەگەر لەجۆری دەنگنوسانی نائەندامیی بوو، ئەوکاتە ڕەوانەی لای پزیشکی پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی دەکات.

**دووەم/ پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی:**

بێگومان هەر جۆرە نەخۆشـــییەکی دەنگ چارەســـەرێکی تایبەت بەخۆی هەیەو پەیوەســـتە بەو گۆڕانکارییە دەنگیانەی نەخۆشەکە هەیەتی، واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگەکەی، چونکە زۆربەی

نەخۆشـــەکان بەهەڵە دەنگیان بەکاردەهێنن، هەربۆیە پســـپۆڕی ڕاهێنەر پەنادەباتەبەر ڕاهێنانی دەنگیی گونجـاو بۆ نەخۆشـــەکە، کە لەڕێگەیەوە کەموکورتیو هەڵەو کێشـــەکـانی دەنــگ چارەسەردەکرێت.

ئامانج لەچارەسەرکردنی نەخۆشیی دەنگنوسان گەڕانەوەی دەنگە بۆ نەخۆش، ئەمەش لەڕێگای ڕۆشـــنبیرکردنی نەخۆشـــەکەوە دەســـت پێدەکات ســـەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگی و ڕەچاوکردنی بەکارهێنانەکەی، هەروەها ئاشـناکردنی بەو فاکتەرانەی پێویسـتە لەژیانی ڕۆژانەیدا ڕەچاوی بکات، هەتاوەکو دووربێت لەگوشـارخسـتنەسـەر قوڕگ و دواجاریش دەنگەژێیەکان کە هۆکاری ســـەرەکی دەنگنوســـانەکەیە. زۆربەی کات کەمکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی دەبنەهۆی نەخۆشی دەنگنوسان، یاخود کۆیایی پێهێنانیان کارێکی پێویستە بۆ گەڕانەوەی دەنگێکی سروشتی و ئاسـایی. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەسـتۆی ڕاهێنەر کە توانای بەردەوامیدانی هەبێت بەچاودێریی و پێوانەکردنی ئاستی پێشکەوتنی نەخۆشـەکە، هەروەها لەکاتی چارەسـەرکردندا پێویستە ئامۆژگاری نەخۆش بکرێت سـەبارەت بەقەبارەی لەش و ڕاهێنانەکانی تایبەت بەهەناسـەدان بۆ ئاسـایکردنەوەی مەودای نزیکردنەوەی دەنگەژێیەکـان، هەروەهـا دەکرێـت جگە لەمـانە ڕاهێنـانی دەنگیی تـایبەت بدرێت بەنەخۆش بەپێی ئاسـتی ئەو کێشـــەیەی هەیەتی، کە هەندێك جار شـێلانی ڕاسـتەوخۆی ماسـولکەکانی قوڕگ بەکاردەهێنرێت بەمەبەسـتی کەمکردنەوەی گرژبوونی ماسـولکەکانی قوڕگ. لەپێناو ســـەرکەوتنی ئەم چارەســـەرەش پێویســـتە نەخۆشـــەکە بەجوانی تێ بگەیەنرێت بۆ ئەوەی ملکەچی شێوەی چارەسەرکردنەکەبێت بەتایبەتیش ئەو نەخۆشانەی کە بۆماوەی چەند مانگێك یاخود ساڵانێك بەدەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن.( (David Howard britishlaryngological.org

هەندێك جار نەخۆشیی دەنگنوسان هۆکارەکەی دەروونییە، کە کەسەکە توشی شۆك بووە بەهۆی بارودۆخێکی دەروونیی تایبەتەوە، لێرەدا پزیشـــکی پســـپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) و پســـپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی ڕەوانەی لای پزیشـــکی دەروونیی دەکەن بەمەبەســـتی وەرگرتنی چارەســـەری گونجاو.

پسپۆڕی ڕاهێنەر پەنادەباتەبەر ڕاهێنانی دەنگیی بۆ نەخۆشـەکە، کە سـەردانیکردنی نەخۆش بۆ لای ڕاهێنەر، هەر هەفتەیەك خۆی لەدوو یان سـێ جار دەبینێتەوە، کە کۆی گشـتی خۆی لە (15) بۆ (35) جاردا دەبینێتەوە، کاتی دیاریکراوی هەر ســـەردانێك بریتیە لە(20) خولەك. (ابو زید، 2011: 73- 74)

لەســەردانی یەکەمداو یەکەم قۆناغ پسـپۆڕی ڕاهێنەر کۆمەڵێك پرسـیار ئاڕاسـتەی نەخۆشـەکە دەکات و پاش دڵنیابوونەوە لەوەڵامەکان، پاشان ئامۆژگاری نەخۆشـەکەدەکات، کەپێویستە جێبەجێی بکات، ئەم ڕێنمایانەش خۆی لەدوو بەشدا دەبینێتەوە:

- خۆپاراستن لەڕێگەی ڕێگەپێنەدراوەکانەوە:
  - خۆپارێزی لەکۆکینی توندو ئحم ئحم.
  - دوورکەوتنەوە لەپێکەنینو گریان بەدەنگی بەرز.
  - خۆپارێزی لەدووکەڵی ئیگزۆزی ئۆتۆمبێل.
  - خۆپارێزی و دەرنەچوون لەماڵەوە لەڕۆژانی ڕەشەبادا.
  - دوورکەوتنەوە لەقسەکردنی خێراو پەنابردنەبەر هەناسەهەڵکێشان لەکاتی ئاخاوتندا.
  - دوورکەوتنەوە لەجگەرەکێشانو هەڵمژینی دووکەڵەکەیو خواردنەوە کهولیەکان.
  - بەبێ بەکارهێنانی مایکرۆفۆن پێویستە قسە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەگوێگران نەکرێت.
  - پێویســـتە قســـەنەکرێت.کاتێك کەمەوداو دووری نێوان ئاخێوەران زۆربوو یان شـــوێنەکە قەرەباڵغ بوو.
  - کەمکردنەوەی دەنگەدەنگ و ژاوەژاو لەشوێنی ئاخاوتندا.

- بەخێرایی چارەسەرکردنی پەتای وەرزیی بەتایبەت کۆکەو هەڵامەت.
- دوورکەوتنەوە لەخواردنەوە ساردەکان. (ابو زید، 2011: 73 - 77)

- خۆپاراستن لەڕێگەی ڕێگەپێدراوەکانەوە:
- تادەتوانرێت بۆ ماوەیەکی زۆر پشوو بەدەنگ بدرێت.
- خواردنەوەی بڕێکی زۆری شلەمەنی شلەتێن لەڕۆژێکدا، کە سودێکی زۆری بۆ نەهێشتنی وشکی لەناو قوڕگدا هەیە، کە نەرمی دەبەخشێت بەماسولکەکانی قوڕگ.
- جێبەجێکردنی ڕاهێنانە دەنگیەکان زۆر بەوردیی. (ابو زید، 2011: 77)

**تەوەری نۆیەم/ بنیادنانەوەی تێکچوونی دەنگ:**

لێرەدا هەندێ لەو ڕاهێنانە دەنگیانە دەخەینەڕوو، کە لەئێستادا بەگرنگترین و بەربڵاوترین ڕاهێنان دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی دەنگ و نەخۆشیی دەنگنوسان، کە لەلایەن پزیشکێکی فەرەنسییەوە، پسپۆڕە لەبواری (قوڕگ و لوت و گوێ)دا بەناوی: ( Le Huche Francois) ەوە خراوەتەڕوو، کە لەساڵی (1929) لەدایکبووەو لەئێستادا تەمەنی (94) ساڵەو سەرۆکی بۆردی ڕاوێژکارانی ئاخاوتنە لەپەیمانگای (Arthur Vernes) لەپاریس. خاوەنی چەندین بەرهەمی تایبەتە بەدەنگ، وەك: دەنگ چۆن کاردەکات، پرسی چارەسەری زمانگرتن، فێربوونی پەیوەندییەکان.

ڕاهێنانە دەنگیەکانیش لای (Le Huche Francois)ەوە خۆی لەسێ قۆناغدا دەبینێتەوە، کە بریتین لە: (دوریا، 2014: 79 - 83) Dz-Orthophonia. m.facebook.com

**یەکەم/ ڕاهێنانی خاوبوونەوەو پشودان:**

لەم ڕاهێنانەدا پێویستە کەسەکە چاوی کراوەبێت و شێوە هەناسەدانێکی تایبەت بەخۆی دەبێت، کە بریتیە لە هەناسە دەردانی پچڕپچڕو پێویستە ڕۆژانە بۆ ماوەی (5 – 7) خولەك لەلایەن نەخۆشەکەوە جێبەجێبکرێت، بەشێوەیەك کە نەخۆشەکە لەسەر زەویەکی تەخت و ڕەق پاڵبکەوێت و پشتیەکی ڕەقیش بخاتە ژێر سەریەوە، بەمشێوەیە دەست بکات بەهەناسە هەڵمژینێکی ئاسایی و پاشانیش بەشێوەیەکی پچڕپچڕ هەناسەکە بداتەوە.

**دووەم/ ڕاهێنانی هەناسەدان:**

یەکەم ڕاهێنانان کە ڕاهێنەر زۆرجەختدەکاتەسەری ڕێگایەکی باوو ناسراوە، بریتیە لەهەناسەدانی ڕاست ودروست لەکاتی ئاخاوتندا، کە یەکێك لەکێشەو گرفتەکانی هەناسەدان لەکاتی ئاخاوتندا خێرای هەناسەدان لەگەڵ بەهێزی دەرچوونی هەوایە لەگەرووودا، هەروەها ئاخاوتن بۆ ماوەیەکی زۆر بێ وەستان، هەناسەدانێکی خێرا بەهەناسەیەکی کورت، کە وەك پێویست هەوا هەڵنامژرێت بۆ ئاخاوتن، کە ئەمەش بەهۆی خراپ بەکارهێنانی هەڵەی پرۆسەی هەوا هەڵمژینە لەکاتی ئاخاوتندا. (شاش، 2007: 138) تەکنیکی ئەم ڕاهێنانە بریتیە لە: (2 – 8 – 4) لەم ڕاهێنانەدا پێویستە نەخۆشەکە لەدۆخێکی ئارامدابێت و بەسێ قۆناغ پرۆسەی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە جێبەجێ بکات، کە بەمشێوەیە دەبێت: هەنگاوی یەکەم بۆ ماوەی (2 چرکە) هەناسەیەکی لەسەرخۆ هەڵدەمژێت و دواتریش بێ دەم داخستن (8 چرکە) پرۆسەی هەناسەدان ڕادەگرێت، پاشان لەماوەی (4 چرکە)دا بەهێواشی هەناسەدەداتەوە.

**سێیەم/ ڕاهێنانی دەنگیی:**

ڕاهێنانی دەنگیش چەند هەنگاوێکە:

**هەنگاوی یەکەم/ ڕاهێنانی باڵە مێش:** ڕاهێنەر داوا لەنەخۆش دەکات دەم دابخات و دەنگی (m) بەبەردەوامی بڵێتەوە، لەمکاتەدا پێویستە نەخۆشەکە لەسەر لێواری کورسیەکە دانشتبێت، یاخود

بەپێوە وەستابێت. بەمشێوەیە دەنگەکە نەرمو خاڵی دەبێت لەدەنگی (هەمزە) پەیڕەوێکی ئاسایی، بێ بەرزو نزمی دەردەبڕێت. ئەمەش هەرجارێك بۆ ماوەی ( 2 بۆ 3) سـانیە بەردەوام دەبێت و دووبارە دەکرێتەوە.

**هەنگاوی دووەم/ ڕاهێنانی (ma – me – mi – mo – mu):** ئەم ڕاهێنانەیان تەواوکەری هەنگاوی یەکەمە، بەدەنگی (m) دەسـت پێدەکات و بەدەم داخراوی و وردە وردە دەنگەکە بەرزبکرێتەوە، هەتاوەکو لەکۆتایدا دەم دەکرێتەوە بەپێی پیتی دووەمی ڕاهێنانەکە، کە بریتین لە: (ma – me – mi – mo – mu)هەر جوڵەیەکی دوو دەنگییەك بۆ ماوەی (2 چرکە) بەردەوام دەبێت، تاوەکو وردە وردە نەخۆشـە لەسـەر دەربڕینەکەی ڕادێت و دەیکاتە ( 1 چرکە). بەو ڕێگەیەش کە دەمی لەگەڵیدا دەکرێتەوەو دواجار بەهۆیەوە گرژی لەماسـولکەکانی ناو دەم ڕوودەدات، کە وردە وردە دەبێتەهۆی هاتنەوەیەکی دەنگەژێیەکان.

**هەنگاوی سێهەم/ ڕاهێنانی دەنگە نەبزوێنەکان لەگەڵ دەنگی (r):** ئەم ڕاهێنانە بریتیە لەوتنەوەی دەنگە نەبزوێنەکان لەگەڵ دەنگی(r) وەك: (dr – br – sr.....) کە بەهۆی دەنگی (r) ەوە لەرینەوە لەئەملاو ئەولای زمان لەگەڵ ناوچەی پێشـەوەی چەناگە بەرهەمدێت، کە پێویسـتە نەخۆشـەکە نەرم و بێ فشـار جێبەجێی بکات. بەو شـێوەیەش سـەرجەم گرژییەکان و گرژییە زیادەکان لەماسـولکەکانی ناودەم لەگەڵ چەناگە ناهێڵێت و بەئاسـانی دەنگەکان دەردەبڕێت بێ سـەرفکردنی وزەیەکی لەڕادەبەدەر. ئەم ڕاهێنانەش بەهەمان میکانزمی دوو ڕاهێنانەکەی پێشـتر دەکرێت، کە هەناسەیەك هەڵدەمژێت و پاشان ڕایدەگرێت و دواتر دەیداتەوە.

**هەنگاوی چوارەم/ ڕاهێنانی شـێوە دەنگیی گۆرانیبێژان:** لەم ڕاهێنانەدا نەخۆشـەکە ئاشـنادەکرێت بەجوڵەپێکردن و نەرمکردنیقوڕگ و ماسـولکەکانی، کە ئەرکی ئاسـایی خۆیان بکەن لەڕێگەی ڕێکخسـتنی شـێوە هەناسـە هەڵمژین و هەناسـەدانەوەو گونجاندنی لەگەڵ بەرزی و نزمی و لەرینەوەکانی دەنگدا، ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی دەنگەژێیەکان و هاتنەوەیکیان لەکاتی ئاخاوتندا، بەمەش ڕێگری دەکرێت لەڕودانی بۆشایی لەنێوان دەنگەژێیەکان و بەرگەگرتن لەدەرچوونی هەوا بەشێوەیەکی ئاسایی.

**تەوەری دەیەم/ پراکتیزەکردنی چارەسەری چەند نمونەیەکی نەخۆشی دەنگنوسان:**

لێرەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاماژە بەدوو نمونەی توشبووی نەخۆشـی دەنگنوسـان دەکەین، کە سـەرجەم قۆناغەکانی، هەر لەدەسـتنیشـانکردنیەوە، تاوەکو چارەسـەرکردنی. ڕونکردنەوەی تەواو دەربارەی هەر یەکێکیان دەخەینەڕوو، واتە لێرەدا کارمان لەسـەر بارودۆخی تاکەکەسـی کردووە، واتە (لێکۆڵینەوەی بارودۆخی تاکەکەسی)، چونکە بارودۆخی هەر نەخۆشێك لەیەکێکی ترجیاوازەو بەهەمان شێوە چارەسـەرکردنیشیان لەیەکتر جیاوازە، بەڵام هەندێك پشت بەلێکۆڵینەوەی بەکۆمەڵ دەبەسـتن، بۆ نمونە لێکۆڵینەوەی (50) بانگبێژی مزگەوت لەیەککاتداو خسـتنەڕووی چارەسـەرو ئەنجامیان پێکەوە.

**نمونەی یەکەم:**

| پرسیار | وەڵام |
|---|---|
| ناو | ت . م . س |
| ڕەگەز | مێ |
| تەمەن | 39 ساڵ |
| پیشە | مامۆستا |
| چەند ساڵە لەو کارەدایە | 18 ساڵ |
| بەرواری چاوپێکەوتن | 3/ 4/ 2023 |

**پرسیاری تایبەت بەنموونەی یەکەم:**

1. لەکەیەوە نیشانەکانی دەرکەوتووە:
کتوپڕ          بەرەبەرە √
2. ئایا چارەسەری بەکارهێناوە:
بەڵێ          نەخێر √
3. ئایا نیشانەکانی لە چ کاتێکدا دەردەکەوێت:
- هەندێ ڕۆژی هەفتە   - بەیانیان   - نیوەی شەو   - شەوان   - ئێواران   - بەدرێژایی ڕۆژەکە   - بەپێی ڕووداوەکە   - لەگەڵ کەسانی دیاریکراود   - لەکاتی ماندوبووندا √
4. نەخۆشەکە دەنگی زۆر بەکاردەهێنێت:
بەڵێ √          نەخێر
5. ئایا نەخۆشەکە ناچارە پەنابەرێتەبەر دەنگ بەرزکردنەوە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر بارودۆخەکەدا:
بەڵێ √          نەخێر
6. ئایا بەلای نەخۆشەکەوە دەنگی بەرز دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی ڕێز لەلایەن کەسانی ترەوە:
بەڵێ √          نەخێر
7. نەخۆشەکە جگەرە دەکێشێت:
بەڵێ          نەخێر √
8. نەخۆشەکە مادەی کهولی دەخواتەوە:
بەڵێ          نەخێر √
9. ئایا کێشەی هەناسەدانی هەیە:
بەڵێ          نەخێر √
10. ئایا کێشەی ناوسکی هەیە:
بەڵێ          نەخێر √
11. ئایا کێشەی هۆرمۆناتی هەیە:
بەڵێ          نەخێر √
12. ئایا کێشەی (قورگ و لوت و گوێ)ی هەیە:
بەڵێ √          نەخێر
13. هۆکاری سەردانی نەخۆش بۆ لای پزیشکی پسپۆڕ چییە:
- نارەحەتیەکی زۆر √   - توانجی کەسانی تر   - قورسی لەجێبەجێکردنی کارەکاندا √
14. ئایا تێکچوونە دەنگیەکە بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات:
باشتر          خراپتر √
15. ئایا نەخۆشەکە ناچارە لەکارەکەیدا تەلەفون بەکاربهێنێت:
- هەندێك جار   - بەدەگمەن √   - بەدڵنیاییەوە ئەوە کارەکەیەتی
16. شوێنی کارەکەی:
- تەپ و تۆزی لێیە   - دەنگەدەنگ و ژاوەژاو √   - شێدارە   - پلەی گەرمی بەرزە   - ئاژەڵی لێیە   - پلەی گەرمی نزمە
17. ئایا تێکچوونی دەنگیی بووەتەهۆی نەنگی لەژیانی نەخۆشەکەدا:
بەڵێ √          نەخێر
18. نەخۆشەکە بۆچوونی لەسەر نەخۆشیەکەی چییە:

ئاسایی دەنگێکی تێکچوو شێواوە √

19. ئەگەر دەنگەکە تێکچوو شێواوە:

- بێهێزە √ - بێزارکەرە - جێی سەرنجە

20. ئایا نەخۆشەکە پێویستی بەهاوکارییە:

بەڵێ √ نەخێر

21. ئایا هیچ کەس لەئەندامانی خێزانەکە تووشی تێکچوونی دەنگ بوون:

بەڵێ نەخێر √

22. ئایا نەمانی ئەو نیشانانە دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەڕێڕەوی ژیانیدا:

بەڵێ √ نەخێر

23. ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە نەخۆش لەسەر دەنگی خۆی هەیەتی چییە: هەبوونی دەنگێکی نوساوو بێهێزو ماندوو، کە دوای ماوەیەك لەئاخاوتن نەخۆشەکە دەنگەژێیەکانی ماندوودەبێت و توانای ئاخاوتنی نامێنێت.

24. نەخۆش لەڕێگەی چارەسەرەکەوە چاوەڕێی چیدەکات: چاوەڕێی ئەنجامێکی ئەرێنی و گەڕانەوەی دەنگی بۆ بارە ئاساییەکەی پێشتری.

25. تێبینی تر: نەخۆشەکە بەهۆی پیشەکەیەوە، کە ژمارەیەکی زۆری فێرخواز لەیەك هۆڵدا وانەدەخوێنن، هەر بەم هۆیەوە فێرخوازەکان زۆر قسەدەکەن و بێدەنگ نابن، مامۆستاکە ناچارە پەنابەرێتەبەر دەنگ بەرزکردنەوە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و تێگەیشتنی فێرخوازەکان لەوانەکە، هەروەها نەبوونی ئامێری مایکرۆفۆن لەهۆڵەکەدا. لەهەمانکاتدا نەخۆش سێ منداڵی هەیە، کە منداڵەکانی بچوکن و زۆربەی کات شەڕدەکەن، دایکەکەش ناچارە هاواربکات لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکە.

**تێبینی**: ئەم پرسیارانە لەڕێگەی پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگ-ەوە ئامادەو پەسەندکراوە، کە بریتین لەبەڕێزان:

| ناو | پسپۆڕی |
|---|---|
| د. ماجد اسعد محمد، ناسراو بە (د. ملکۆ) | مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕ لەبواری ڕاهێنانی دەنگیی و پەروەردەی تایبەت |
| د. ئاڤان عبداللە حسن | مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕ لەبواری دەرونزانی و پەروەردەی تایبەت |
| م. سۆزان محمود علی | مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕ لەبواری دەرونزانیدا |

**ڕاپۆرتی پزیشکی پسپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ):**

ئەم نەخۆشە کاتێك توشی دەنگنوسان بووە، پێیوابووە شتێکی کاتییەو تێدەپەڕێت، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ دەنگنوسانەکەی بەرەو خراپتر ڕۆیشتوە، هەربۆیە لەدوای (5) ڕۆژ سەردانی پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی (قوڕگ و لوت و گوێ)ی کردووە، یەکەم هەنگاو پزیشکی پسپۆڕ هەناوبینی گەروویی بۆ ئەنجامداوە، تێبینی ئەوەی کردووە، کە ناو گەرویی هەمووی سوربووەتەوەو توشی هەستیاری بووە، هەروەها توشی لاوازبوونی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکان بووە، لەهەمانکاتدا گرێی بچوك بچوکی خاوێن لەسەر دەنگەژێیەکانی دروستبووە، لەجۆری گرێی لینجی دەنگەژێیەکان (vocal polyb) ، کە ئەمەش بەهۆی پیشەکەیەوەیەتی، قورساییەکی زۆری لەسەر دەنگەژێیەکانی دروستکردووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کە لەکاتی ئاخاوتندا دەنگەژێیەکانی بەتەواوەتی دانەخرێت و بۆشاییەکەی کەم بەجێبهێڵێت. وەك پێشتر لەتەوەری چوارەمدا

بەرهەمهێنانی دەنگمان خستەڕوو، ئاماژەمان بەوەکرد، کە لەکاتی درکاندنی کۆنسنانتە کپەکاندا دەنگەژێیەکان لەیەکتر دوردەکەونەوەو لەکاتی درکاندنی کۆنسنانتە گڕەکان و ڤاوڵەکاندا دەنگەژێیەکان لەیەکتر نزیکدەبنەوە، بەڵام کاتێك نەخۆشەکە توشی دەنگنوسان دەبێت، ئەوکاتە دەنگەژێیەکان لەکاتی درکاندنی دەنگە گڕەکاندا بەتەواوەتی داناخرێت و نایەتەوەیەك، کەمێك بۆشایی جێدەهێڵێت لەنێوان دوو تاڵەباریکەکەی قوڕگدا.

پزیشکی پسپۆڕ چارەسەری دەرمانی تایبەت بەهەستیاریی بۆ نەخۆشەکە داناوە، لەگەڵ پێدانی دەرمانی خاوبوونەوەی گرژی ماسولکەکانی دەوروبەری قوڕگ، واتە شان و مل، چونکە گرژبوونی ئەو ماسولکانەی دەوروبەری قوڕگ دەبێتەهۆی گرژبوون و ڕەقبوونی ماسولکەی دەنگەژێیەکان، لەگەڵ دورکەوتنەوە لە: خواردنە ترش و توون و سوێرەکان، هەروەها خۆپاراستن لەشیرینی و خواردنەوەی گازیی و دۆ، لەگەڵ خۆپاراستن لەو خواردنەوانەی کافاینیان تێدایە. سەبارەت بەهەبوونی گرێ بچوکەکانیش پێویستی بەنەشتەرگەری نەبووەو تەنها ڕێنمای پێداوە، کە لەڕێگەی پشوودانی دەنگییەوە لەماوەی دوو هەفتەدا چارەسەردەبێت، پاشان ڕەوانەی لای پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی دەنگنوسانەکەی.

کەواتە نەخۆشەکە دەنگنوسانەکەی لەهەردوو جۆری ئەندامیی ونائەندامیشە، کە هەستیاری قوڕگ و لاوازی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکان و هەبوونی وردە گرێی خاوێنی سەر دەنگەژێیەکان ئەندامیەو ماندوبوون و گرژبوونی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکان بەهۆی پیشەکەیەوە نائەندامیە، هەربۆیە پزیشك چارەسەری دەرمانی پێویستی بۆ جۆری ئەندامیەکە داناوەو سەبارەت بەجۆری نائەندامیەکەش ڕەوانەی ڕاهێنەری تایبەتی کردووە.

**پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگ:**

پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی نەخۆشەکە دەکات، واتە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی نەخۆشەکە، هەروەها تەماشاکردنی ئەو ڕاپۆڕتەی کە پزیشکی (قوڕگ و لوت و گوێ) بۆی نوسیوە. ڕاهێنەرە دەنگیەکە دوای جەختکردنەوە لەپابەندبوون بەوەرگرتنی چارەسەرە پزیشکیەکان، واتە دەرمانەکانی هەستیاریی، پاشان پشوودان بەدەنگ، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی خاوبونەوەی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکان، هەروەها پێدانی ڕێنمایی خۆپارێزی بەدوورکەوتنەوە لەڕێگەپێنەدراوەکان و جەختکردنەوە لەسەر ڕێگەپێدراوەکان. یەکەم هەنگاوی ڕاهێنانە دەنگیەکە بریتیە لەڕاهێنانی نەخۆش لەسەر چۆنیەتی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە. لەگەڵ شێلانی دەنگەژێیەکانی نەخۆش بەمەبەستی نەرمکردن و خاوبونەوەی دەنگەژێیەکان. نەخۆشەکە هەفتەی دووجار سەردانی ڕاهێنەری دەکردو تارادەیەك سەرجەم ڕێنماییەکانی جێبەجێدەکرد، کە نەخۆشەکە (10)جار چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕاهێنەرەکەدا ئەنجامداو لەکۆتاییدا تەندروستی بەرەو باشتر ڕۆیشت و گرفتی دەنگنوسانەکەی نەما، بەڵام بەهۆی لاوازی ماسولکەکانی دەنگەژێیەکانیەوە، ڕاهێنەر ئاگاداریکردەوە، کە پێویستە بەردەوام بێت لەسەر خۆپارێزی و هەموو ڕێنماییەکانی تر، چونکە تاکە چارەسەری ئەم بارە تەنها خۆپاراستنە، لەبەرئەوەی چارەسەری دەنگیی کاتیەو بەدووبارە گەڕانەوە بۆ ژیانی پێشترو پیشەکەی (بەکارهێنانی دەنگ بەشێوەیەکی هەڵە) دەست پێدەکاتەوە. ئەنجامی ئەم حاڵەتە بەدڵی نەخۆش و پزیشك و ڕاهێنەرەکەش بوو، بەهۆی پابەندبوونی بەڕێنماییەکانەوە.

**نمونەی دووەم:**

| پرسیار | وەڵام |
|---|---|
| ناو | س . ع . م |
| ڕەگەز | نێر |
| تەمەن | 34 ساڵ |

| | |
|---|---|
| پیشە | پارێزەر |
| چەند ساڵە لەو کارەدایە | 10 ساڵ |
| بەرواری چاوپێکەوتن | 10/ 6/ 2023 |

**پرسیاری تایبەت بەنمونەی دووەم:**

1. لەکەیەوە نیشانەکانی دەرکەوتووە:
کتوپڕ بەرەبەرە √
2. ئایا چارەسەری بەکار هێناوە:
بەڵێ نەخێر √
3. ئایا نیشانەکانی لە چ کاتێکدا دەردەکەوێت:
- هەندێ ڕۆژی هەفتە - بەیانیان √ - نیوەی شەو - شەوان - ئێواران
- بەدرێژایی ڕۆژەکە √ - بەپێی ڕووداوەکە - لەگەڵ کەسانی دیاریکراودا - لەکاتی ماندوبووندا
4. نەخۆشەکە دەنگی زۆر بەکاردەهێنێت:
بەڵێ √ نەخێر
5. ئایا نەخۆشەکە ناچارە پەنابەرێتەبەر دەنگ بەرزکردنەوە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر بارودۆخەکەدا:
بەڵێ √ نەخێر
6. ئایا بەلای نەخۆشەکەوە دەنگی بەرز دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی ڕێز لەلایەن کەسانی ترەوە:
بەڵێ √ نەخێر
7. نەخۆشەکە جگەرە دەکێشێت:
بەڵێ نەخێر √
8. نەخۆشەکە مادەی کهولی دەخواتەوە:
بەڵێ نەخێر √
9. ئایا کێشەی هەناسەدانی هەیە:
بەڵێ نەخێر √
10. ئایا کێشەی ناوسکی هەیە:
بەڵێ √ نەخێر
11. ئایا کێشەی هۆرمۆناتی هەیە:
بەڵێ نەخێر √
12. ئایا کێشەی (قوڕگ و لوت و گوێ)ی هەیە:
بەڵێ نەخێر √
13. هۆکاری سەردانی نەخۆش بۆ لای پزیشکی پسپۆڕ چییە:
- ناڕەحەتیەکی زۆر √ - توانجی کەسانی تر - قورسی لەجێبەجێکردنی کارەکاندا √
14. ئایا تێکچوونە دەنگیەکە بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات:
باشتر خراپتر √
15. ئایا نەخۆشەکە ناچارە لەکارەکەیدا تەلەفون بەکاربهێنێت:
- هەندێك جار - بەدەگمەن - بەدڵنیاییەوە ئەوە کارەکەیەتی √
16. شوێنی کارەکەی:

- تەپ و تۆزی لێیە    - دەنگەدەنگ و ژاوەژاو √    - شـێدارە    - پلەی گەرمی بەرزە
- ئاژەڵی لێیە    - پلەی گەرمی نزمە
17. ئایا تێکچوونی دەنگیی بووەتەهۆی نەنگی لەژیانی نەخۆشەکەدا:
بەڵێ √    نەخێر
18. نەخۆشەکە بۆچوونی لەسەر نەخۆشیەکەی چییە:
ئاسایی    دەنگێکی تێکچوو شێواوە √
19. ئەگەر دەنگەکە تێکچوو شێواوە:
- بێهێزە √    - بێزارکەرە    - جێی سەرنجە
20. ئایا نەخۆشەکە پێویستی بەهاوکارییە:
بەڵێ √    نەخێر
21. ئایا هیچ کەس لەئەندامانی خێزانەکە تووشی تێکچوونی دەنگ بوون:
بەڵێ    نەخێر √
22. ئایا نەمانی ئەو نیشانانە دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەڕێڕەوی ژیانیدا:
بەڵێ √    نەخێر
23. ئەو سـەرنج و تێبینیانەی کە نەخۆش لەسـەر دەنگی خۆی هەیەتی چییە: هەبوونی دەنگێکی کزو بێهێزو ماندوو، کە دوای ماوەیەك لەئاخاوتن نەخۆشـەکە دەنگەژێیەکانی ماندوو دەبێت و توانای ئاخاوتنی نامێنێت.
24. نەخۆش لەڕێگەی چارەسـەرەکەوەچاوەڕێی چی دەکات: نەخۆش ئارەزوی ڕزگاربوون لەنەخۆشی دەنگنوسان دەکات و گەڕانەوە بۆ دۆخی جارانی و بەڕێکردنی کارەکانی وەك پێشتر.
25. تێبینی تر: نەخۆشـەکە بەهۆی پیشـەکەیەوە، کە پێویسـتە دەنگی بەرزبکاتەوەو هاواربکات، هەروەها بەڕێژەیەکی زۆر مۆبایل بەکاردەهێنێت.

**ڕاپۆرتی پزیشکی پسپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ):**

دەنگنوسـان لەم نەخۆشـەدا بەرەبەرە رووی لەزیادبوون کردووەو بەتایبەتی لەبەیانیاندا کێشـەی زۆربووە. ڕۆژ بەڕۆژ دەنگنوسـانەکەی بەرەو خراپتر ڕۆیشـتوە، هەربۆیە لەدوای (26) ڕۆژ سـەردانی پزیشـکی پسـپۆڕی نەخۆشـیەکانی (قوڕگ و لوت و گوێ)ی کردووە، یەکەم هەنگاو پزیشـکی پسـپۆڕ هەناوبینی گەروویی بۆ ئەنجامداوە، تێبینی ئەوەی کردووە، کە سـەرجەم پیشکنینەکانی پاکەو هیچ کەموکورتیەکی ئەندامیی نییە. پزیشکی پسپۆڕ هەندێ پرسیار ئاڕاستەی نەخۆش دەکات، کە ئایا هیچ نەخۆشـیەکی تری لەگەڵە؟ لەوەڵامدا نەخۆش ئاماژە بەوە دەکات، کە برینی گەدەی هەیە، لەڕێگەی ئەم وەڵامەوە ڕاستەوخۆ پزیشکەکە نەخۆشەکە ئاڕاستەی پسپۆڕی هەناویی دەکات.

**پزیشکی پسپۆڕی هەناویی:**

پزیشـکی هەناویی بڕیاردەدات کە هەناوبینی گەدە بۆ نەخۆشـەکە ئەنجامبدات، لەڕێگەی هەناوبینیەکەوە دڵنیادەبنەوە کە نەخۆش (برینی گەدە)ی هەیە، هەروەها گەڕانەوەی ترشـەڵۆکی گەدە (دڵەکزێ)ی هەیە، هەربۆیە چارەسـەری تەواوی بۆ نوسـی و ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە نەخۆشەکە پێوەی پابەندبێت.

**پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگ:**

پسپۆڕی ڕاهێنەری دەنگیی کۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی نەخۆشەکەدەکات بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی نەخۆشـەکە، لەگەڵ ئەو ڕاپۆڕتەی کە پزیشـکەکان بۆیان نوسـیوە، لەگەڵ تەماشـاکردنی ڕاپۆڕتی هەردوو پزیشکی پسپۆڕی (قوڕگ و لوت و گوێ) و (هەناویی)، کەواتە نەخۆشـەکە دەنگنوسـانەکەی لەجۆری ئەندامیی و ئەرکیش بوو. ڕاهێنەرە دەنگیەکە دوای

جەختکردنەوە لەپابەندبوون بەوەرگرتنی چارەسەرە پزیشکیەکان، پاشان پشوودان بەدەنگ، هەروەها پێدانی ڕێنمایی خۆپارێزی بەدوورکەوتنەوە لەڕێگەپێنەدراوەکان و جەختکردنەوە لەسەر ڕێگەپێدراوەکان. لەم قۆناغەدا ڕاهێنەر دەستدەکات بەئەنجامدانی ڕاهێنانەکان، کە نەخۆشەکە هەفتەی سێ جار سەردانی ڕاهێنەری دەکرد، بەڵام نەخۆشەکە وەك پێویست ڕاهێنانەکانی لەماڵەوە ئەنجام نەدەدا، هەروەها پشووی بەدەنگی نەدەدا بەهۆی پیشەکەیەوە، هەربۆیە نەخۆشەکە (25)جار چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕاهێنەرەکەدا ئەنجامدابوو، کە بەوتەی ڕاهێنەرەکە نەخۆشەکە ڕەنگە تەنها پێویستی بە (10)جار سەردانیکردن بووایەو بەتەواوەتی تەندروستی بەرەو باشتر بڕۆیشتایەو چاکبوایەتەوە، بەڵام نەخۆشەکە پابەندبوو بەوەرگرتنی چارەسەری کێشەی گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدەی. لەهەمانکاتدا ڕاهێنەرەکە ئاگاداریکردەوە، کە پێویستە بەدرێژایی ژیانی پابەندی ئەو ڕێنماییانەبێت، تاوەکو دووبارە ڕووبەڕووی دەنگنوسان نەبێتەوە.

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- دەنگنوسان بەیەکێك لەنەخۆشیەکانی گوتن و تێکچوونی دەنگ دادەنرێت، کە بریتیە لەو گۆڕانکارییە دەنگیانەی بەهۆی بوونی گرفت لەپێکهاتەی بەرهەمهێنانی دەنگ لەکەسێکی تەندروستدا ڕوودەدات. نەخۆشی دەنگنوسان پوەست نیە بەتەمەنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەگەری ڕوودانی لەهەموو تەمەنێکدا هەیە، هەروەها لەهەردوو ڕەگەزیشدا ڕوودەدات.

2- ئەو کەسانەی زیاتر ڕووبەڕووی نەخۆشیی دەنگنوسان دەبنەوە، ئەوانەن کە زیاتر دەنگیان بەکاردەهێنن، واتە ئەوانەی پیشەکەیان پەیوەستە بەدەنگیانەوە، هەربۆیە بەکارهێنانی دەنگ بەشێوەیەکی زۆر پێویستی بەکۆمەڵێك ڕێوشوێنی دیاریکراو هەیە، کە پێویستە پەنای بۆ ببرێت لەڕێگەی خۆپاراستنەوە.

3- نەخۆشیی دەنگنوسان خۆی لەدوو جۆرو هۆکاردا دەبینێتەوە، ئەوانیش: نەخۆشیی دەنگنوسانی ئەندامی و نائەندامی (ئەرکی)یە، کە زۆربەی زۆری نەخۆشەکان لەجۆری نائەندامین، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی دەنگیانەوەیە بەشێوەیەکی هەڵە.

4- پەنابردنەبەر باوترین و گرنگترین ڕاهێنانە دەنگیەکان، بەسەرەکیترین و باشترین چارەسەری دەنگیی دادەنرێن لەلایەن ڕاهێنەری دەنگیەوە، کە پێویستە نەخۆشەکە پابەندبێت بەسەرجەم ڕێنمایی و کاتی سەردان و ڕاهێنانەکانەوە.

**Reference kurdish language**

1- Deziyi, Abdel Wahed Mushir. Muhammad, Dana Tahsin. Salih, Darun Abdulrahman (2015), **Art and Technology**, Edition 2, Chap Khan, Hevi, Holler.
2- Hamid, Yara Qadir (2015), **Gyrograph and the text of Gutun and Jaraskardinian**, The Russian Federation of Chinese Languages. Howler.
3- Mohamed, Dana Tahsin (2008), **we have no idea how to change the language**, Master's Thesis, university of Salahdin, Howler.
4- Wahid, Sakar Kamal (2013), **How to change the meaning of the time frame (for example, pragmatics)**, Master's Thesis, university of Salahdin, Howler.
5- Weiss, Ghazi Fatih (1984), **Art, Technology, Technology, Technology, and Technology**, Howler.

**Reference Arabic language**

1- Abu Zaid, Nabila Amin (2011), **Disorders of Speech and Intelligible Speech - Diagnosis - Treatment**, World of Books, Cairo.

2- Baya, Zaidi (2013), **Speech and Language Disorders**, Journal of Linguistic Practices, Mouloud Mammeri University of Tizi Ouzou, Issue 19, Algeria.

3- Doria, Sabiq (2014), **Proposing a cost protocol for hoarseness disorder among voice professionals**, Master's Thesis, Larbi Ben Mhidi University Oum El Bouaghi, Faculty of Social and Human Sciences.

4- Al-Zuraikat, Ibrahim Abdullah Faraj (2005), **Speech and Language Disorders - Diagnosis and Treatment** -, Dar Al-Fikr.

5- Shash, Suhair Muhammad Salama (2007), **Communication Disorders (Diagnosis - Causes - Treatment)**, Zahraa Al-Sharq Library, Cairo.

6- Al-Abdullah, Salama (2015), **Voice Disorders**, Amjad Publishing and Distribution House, Amman-Jordan.

7- Al-Afif, Faisal (D.D.), **Speech and Language Disorders**, Arab Book Library, D.D.: 23.

8- Ali, Kaddour (2012), **Developing an informational therapeutic protocol based on the principle of visual feedback to deal with voice disorders: Vocal tendon paralysis, Master's degree**, University of Algiers 2, Faculty of Social and Human Sciences, Department of Psychology, Educational Sciences, and Orthopedics.

**Reference English language**

1- Ahlsen Elesabith ( 2006), **Introduction to Nerolinguistics**, Goteborg university, amestdam- Philadelphia, John Benjamins puplished.

2- Boyle, B. (2000), Voice disorders in children**, Juppor for learning**, Vol.15, No.2.

3-Davis, C.N. & Harris, T.B. (1992), Teachers ability to accurately identify disordered voices. **Zanguage, Speech & Hearing Services in Schools**, Vol.23, No.2, April.

4- David Howard, **www.britishlaryngological.org/patient-information/hoarse-voice.**

5- David Kammerer, (2014), **Nerolinguistics:Mind, Brain, and Language**, department of speech, Language and Hearing, science, purdue university, west Lafayette, USA, 14 May.

6- Jean a Rondal & Xavier Seron ,(2003), **troubles du langage Mardaga**,Liège, Belgique.

7- Jan-ola ostman & Jef Verschueren, (2012), **Nerolinguistics**, Handbook of pragmatics.

8-Lu, D., Huang, M., Cheng, I. k., Dong, J., & Yang, H. (2018), Comparison and correlation between the pediatric Voice Handicap Index and the pediatric voice-related quality-of-life questionnaires**. Medicine, Baltimore**,Vol.97, No.36, Sep 7.

9- Mathieson, L. (1995), Some standards and outcomes for a combind ENT/Speech therapy voice clinc- Apreliminary audit survey, **International journal of language & communication disorders**, Vol. 30, Issue S1.

10- Niedzielska G,(2001), Acoustic analysis in the diagnosis of voice disorders in children, **International Journal of pediatric otorhinolaryngology**, v.57.Issua 3/ 1 march.

11-Whitaker, H.A & Brigitte Stemmer, (1998), **handbook of Neurolinguistics**, Academic press, London.

12- Wright, J.A.& Graham.J. (1997), **Where and when do speech and language therapists work with teachers**. British Journal of Special Education.

13.https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=pfbid02xrY55pBdFUHXd8s62PQy8TtZoknrzPKCyiq6R5kd1G6Fga1f1jLRoWkvkd678eQul&id=828859447488767&mibextid=Nif5oz